هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 85

سالّی/ 2012 – بەرگی هەشتاو پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2013

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/11/19 ل 43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/20 ل 105

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/11/21 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –دوو شەممە 2012/11/26 ل 167

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/27 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/3 ل 213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/4 ل 271

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/10 ل 287

8-دەست لەکار کێشانەوەی -بەرێز نەژاد عزیز سورمێ لە لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا دێینە سەر بڕگەی دووەم (2-خستنەڕوو و دانانی ئەم ئەندامانەی خوارەوە لە ئەندامیەتی لیژنەکان:

1- دانانی بەرێز د.عمر نورەدینی بۆ لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا

2-دانانی بەرێز ئەڤین عمر بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا

3-دانانی بەرێز تارا تحسین بۆ لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا

4- دانانی بەرێز سمیرە عبداللە بۆ لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا

5-دانانی -بەرێز ئاواز عبدالواحد بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا

6-دانانی -بەرێز امینە زکری بۆ لیژنەی پیشەسازی و سەرچاوە سروشتیەکان، کێ لەگەڵ دایە؟ دکتۆر سەروەر فەرموو

**بەرێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بەوەی (ئامینە) خان و خاڵی شەشەم لەگەڵ خاڵی هەشتەم ئەوەی کاك (نەژاد)کە دەچن بۆ لیژنەی پیشەسازی و مافی بەکاربەر، چونکە دوو کەس کە کاك سەردار و بێریڤان خان لەو لیژنەیە دەست بکێشنەوە ئەوانە ئەچنە جێگەیان، ئایا ئیشکال دروست نابێ ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ (11) کەس زیاتر نەبێ؟ زیاتر ئەبێ ئەگەر دەنگی لەسەر بدەین، بەس بۆ تەعقب بەرێز سکرتێری پەرلەمان

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کەواتە خاڵی شەشەم دوای ئەخەین، بزانین لەوێ شاغیر هەیە یان نا بۆ ئەوەی لەوێ دابنرێ؟ هەیە؟ فەرموو ئەڤین خان

**بەرێز ئەڤین عمر**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی تەنها (10) ئەندامین، وابزانم نیسابیش خۆی (11) ئەندامە، یەعنی ئاخیر نیسابە، لەگەڵ ڕێزم

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**نیسابمان تەواوە لە لیژنەی پیشەسازی، (11) كەسین، چونكە كاك (لوقمان) هاتۆتە جێگەی كاك (اسماعیل) كە پێشتر دەنگی بۆ دراوە، ئێستا ئەڤین خان لە لیژنەی نەزاهە دەرچووە نەك لە لیژنەی پیشەسازی، كاك (سەردار) دەرچوو بوو، مەفروز بوو لە جێگەی كاك سەردار بێ، یان كاك سەدار دەنگی نەهێنابایە، كەواتە نیسابمان تەواوە**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە ئەم خاڵە دوا ئەخەین، بۆ دانیشتنێكی تر ئەگەر شاغیر هەبوو دایئەنێین، ئەگەرنا نایخەینە ئەوێ، ئێستا دێینە سەر**

**7-دانانی بەڕێز محمد موسی بۆ لیژنەی نەزاهە، كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ پاراستنی مافی بەكاربەر، ئەوەش تەئجیل ئەكەین، فەرموو كاك عیماد**

**بەڕێز عماد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**نەقسمان هەیە، چونكە پێشتر دوو ئەندام ئیستیقالەی كردووە لای ئێمە،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**دانانی -بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ بۆ لیژنەی پاراستنی مافی بەكاربەر، كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (2) كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئومێد ئەكەین لە لیژنەكانی خۆیان دەست بەكار بن، فەرموو كاك عبداللە.**

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**من سەرنجێكم بۆ جەنابتان هەیە وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەمڕۆ كۆمەڵێك گۆڕانكاری لە لیژنەكاندا كرا، بەڵام وەكو لە دەستەڵاتەكانی بەڕێز سەرۆكی پەرلەماندا هاتووە لە ماددەی (18) كە ئەركی بە دواداچوونی كاروباری لیژنەكانە، یەعنی جەنابت ئەزانی ئەمڕۆ كۆمەڵێك گۆڕانكاری بوو لە لیژنەی نەزاهە، تا ئێستا ئەم لیژنەیە سەرۆكی نیە، من تكا ئەكەم لە سەرۆكی پەرلەمان هەرچی زوە سەرۆكێك بۆ ئەم لیژنەیە دابنرێ، بەلای منەوە گرنگ نیە، سەربە دەستەڵات بێ یان بە ئۆپۆزۆسیۆن بێ، بەڵام مەعقول نیە ئەم لیژنەیە (3) ساڵە دامەزراوە تا ئێستا سەرۆكی نیە، تا ئێستا یەك كۆبوونەوەی نەكردووە، و نەیتوانیەوە یەك دۆسیەش یەكلایی بكاتەوە، بۆیە تكا ئەكەم لە ئێوە ئەم بابەتە یەكلایی بكەنەوە، چونكە لە دەستەڵاتی ئێوەیە ئەو كارە یەكلایی بكەنەوە.**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم لیژنەیە سەرۆكی هەبوو، بەڵام سەرۆكەكەی دوایی ئیستیقالەی كرد، و لەبەر ئەوەی شوێنەكانی شاغیر بوون، پڕمان كردەوە بۆ ئەوەی سەرۆكی بۆ دابنێین، جێگریش ئەتوانێ ئیشی سەرۆكی لیژنەكانیش بكات بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئێستا دێینە سەر خاڵی سێیەم (-خسنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دادنووسەكان ژمارە 33 ی ساڵی 1998 لە هەرێمی كوردستان)، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری داد و وەفدە یاوەرەكەی ئەكەین، بەخێربێن، لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

برگەی سێیەمی بەرنامەی كار ((-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دادنووسەكان ژمارە 33 ی ساڵی 1998 لە هەرێمی كوردستان)، ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی ئەیخوێنمەوە

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**ڕاپۆرت/لەبارەی پرۆژە یاساكەوە**

لیژنەی یاسایی لە ڕۆژی 7 سەرماوەزی 2712 ی كوردی ڕێكەوتی 2012/11/28 زاینی كۆبۆوە بۆ لێكۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای داد نووسەكان ژمارە (33) ی ساڵی 1988 ی ئیتیحادی لە هەرێمی كوردستان دا، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پێشكەش كراوە، و بەرەو ڕووی لیژنەكەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكان كرایەوە، دوای ئەوە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (20) ڕۆژی 2012/11/19 لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، پاش گفتوگۆ و پێداچوونەوە لیژنەكە گەیشت بەمەی خوارەوە:

1-پشتگیری كردن لە پرۆژەكە بەم شێوەی كە پێشكەش كراوە

2-دارشتنی دیباجەیەكی پەرلەمان بۆی، داواكارین بۆ چاو خشاندنەوە و خستنە ڕووی پرۆژەكە، هەروەها ڕاپۆرتی لیژنەكەش لەم بارەوە بۆ بەردەمی پەرلەمان بە مەبەستی گفتوگۆ كردن و دەربڕینی ڕای گونجاو بۆ دەنگدان، لەگەڵ ڕێزدا

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوردیەكەتان هەیە بیخوێننەوە؟

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**الى/رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**م/تقرير حول مشروع قانون**

عقدت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 7/سەرماوەز/2712 كوردي المصادف ليوم 2012/11/28 ميلادي لدراسة مشروع قانون (انفاذ قانون الكتاب العدول رقم 33 لسنة 1988 الاتحادي في اقليم كوردستان)

والمقدم من قبل مجلس وزراء الاقليم والمحال الى لجنتنا واللجان المعينة بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (20) في 12-2/11/19، وبعد المناقشة والمداولة، توصلت اللجنة الى ما يلي:

1-تاييد المشروع بالشكل المقدم

2-صياغة ديباجة البرلمان له

راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع وتقرير اللجنة بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الراي المناسب والتصويت

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە لیژنەی یاسایی بزانن ماددە بە ماددە چۆن، نوقتەی نیزامت هەیە کاک کاردۆ؟ فەرموو

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە پەیوەندی بە ئینفاز کردنی یاسایەکەوە هەیە کە لە ساڵی 1998 دەرچووە، یاسایەك کە بۆ ساڵی 77، پێم باشە بەڕێز وەزیری داد ڕوون کردنەوەیەك سەبارەت بە هۆکاری ئینفاز کردنی ئەم یاسایە بدات، و جیاوازی چیە لەگەڵ یاسای 77؟ بۆ ئێمە پرۆژەیەکی یاساییمان پێکەش نەکرد ئەگەر پێمان وایە ئەم یاسایانەی کە لە ڕابردوو دەرچوون ناتوانن ئەم ئامانجە بپێکن، یان ناتوانن ئەو خزمەتە بکەن کە ئەو یاسایە ئەیکات، لەبەر ئەوە ئەگەر یەك، دوو خاڵی تێدابێ پەیوەندی بە گواستنەوەی وەزارەتەکان هەبێ بۆ ئاسانکاری، لایەنێکی تێدایە کە پەیوەندی بە تەشکیلاتی ئیداریەوە هەیە، پێم وایە ئەوە ئیزافەیەکی زۆر زۆر بێ سوودە لە کاتێکدا هەیئەتی تر ئەکات بۆ ئەم یاسایە، من پێم وایە بارێکی قورس دروست ئەکات بۆ وەزارەتەکە، و هیچ پێویستیش ناکات، ئەگەر پێویست بوو چەند ماددیەکیش هەیە ئەتوانن یاسایەکیش بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بکەن، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێش ئەوەی تێبینیم لەسەر یاساکە پێکەش بکەم، من لەگەڵ ئینفازی هیچ یاسایەکی عێراقی نیمە لە هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی بە پێی دەستوری عێراق ئیعتیراف بە دەستەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایە، یەك لەوانە دەستەڵاتی یاسادانانە کە پەرلەمانە، مافی دانانی یاسای هەیە، با خۆمان تەنازول لەو دەستەڵاتە نەکەین بە ئینفاز کردنی یاساکانی عێراق، دواتر قانونەك کە لە عێراق کە لە ساڵی 1998 پەسند کرابێ، هەموومان باش لە یادمانە بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی عێراق بە چ شێوەیەك بوو، چەند لاواز بوو، ئەو یاسایانەی کە لە دوای ڕاپەڕین لە عێراق دەرچوو

هەموویان مەرامی سیاسی لەدوایە، وپرسیارێکیشم ئەوەیە ئایا یاسایەك لە ساڵی 1998 لە عێراق دەرچووبێ بەو بارودۆخە خراپەی ئەوکات، دەگونجێ ئێمە لە ساڵی 2012 لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئەگونجێ ئینفازی بکەین؟ یان پێویستمان بەوە هەیە خۆمان یاسایەك دابڕێژین و پرۆژەیەك لە لایەن حکومەتەوە ئامادە بکرێ و پێشکەش بکرێ، هەندێ خاڵی بچووك هەیە لە یاساکە هی (98) کە ئێستا حکومەت داوای کردیە ئینفاز بکرێ، بە نیسبەت ماددەی (11) لە بڕگەی شەشەم باس لە مەقدەرەی مالی کەفیل ئەکات بە (10) هەزار، راستە لە یاساکەی 1997 باس لە (1000) دیناری عێراقی ئەکات، و لە (98) کرایتە (10000) دیناری عێراقی، لە واقیع هیچ لەو دوو مەبلەغە جێ بەجێ ناکرێ، ئەوە ئەکرا کە ئێستا یاساکە کاری پێ ئەکرێت لە هەرێمی کوردستان،لەبەر ئەوەی ئێمە فەراغی قانونیمان نیە، یاسایەکمان هەیە جێ بەجێ ئەکرێ، هەموار کردنی ئەو بڕگە و ماددانە بکرابایە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ناگونجێ، یەك لەوانە ماددەی شەشەمە، کە باس لە (1000) دینار ئەکات، لە (98) هەمواری ئەکات کردیتیە (10000) دینار، واتە دیسان ئەو ماددەیە لەگەڵ ئێستا ناگونجێ و قابیلی جێ بەجێ کردن نیە، و ئەگەر ئینفازیشی بکەین ئەم یاسایە ئەوە دوای چەند مانگێکی تر داوای هەموار کردنی ئەکرێت، لەبەر ئەوە ئەم ماددە وەکو نموونە ئەهێنمەوە ناکرێ جێ بەجێ بکرێ، یەك لەوانە ئەو ماددەیە لە فەقەرەی شەش کە باس لەو (10000) دینارە ئەکات، بە بڕوای من ئەگەر ئەم یاسایە ئینفاز بکەین یاسای 1996 ی عێراقی ئەوە موخەصەصاتی کاتب عەدل کەم ئەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ماددە (48) باس ئەکات ئەڵێ 45٪ ی ڕاتبیان موخەصەصاتی پێ ئەدرێت، و ئێستا کاتب عەدل لە هەرێمی کوردستان موخەصەصات وەرئەگرێ، دەرماڵە وەرئەگرێ زیاتر لەوەی یەك جۆر موخەصەصاتیان هەیە، سەبارەت بە یەك لە خاڵە باشەکانی یاساکەی (98) ئەوەیە، بەڕێوەبەرایەتی بەشی یاسایی لە وەزارەتەکان تەخویل ئەکرێ کە دەسەڵاتی کاتب عەدلی پێ بدرێ، ئەو دەسەڵاتە مومارەسە بکەن، خۆی لە یاساکەی ساڵی (77)یش لە ماددەی (8) بڕگەی یەکەم و دووەم دوو وەزارەت تەخویل کرایە، وەزارەتی دیفاع و وەزارەتی خوێندنی باڵایە، بەڵام تا ئێستا یەك لەو شئون قانونیەی ئەو دوو وەزارەتە ئەو صەلاحیەتەیان مومارەسە نەکردیە کە بە پێی یاسا پێیان درایە، ئەگەر مەبەست لە جێ بەجێ کردنی یاسای (98) ئەوەیە دەسەڵات بدرێ بە شئون قانونی وەزارەتەکان بۆ ئاسان کردنی کاروباری هاوولاَتیان ئەوە دەکرا ئەو ماددە تەعدیل کرابایە، لە قانونەکە باسی دوو وەزارەت ئەکات، ئێمە هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانمان زیاد ئەکرد، تەخویلی صەلاحیەتی کاتب عەدلمان ئەدا بە هەموو وەزارەتەکان، ئەگەر کار ئاسانیەك هەیە بۆ ئەوەی ئەو قەڵەبالغیەی لەسەر کاتب عەدل هەیە، لەو لایەن وەزارەتی داد کێشەکان تەخصیص کرایە ئەوە ئەوەی مەبەستیتیان لە یاسای (98) بە باشی ئەزانن، چونکە هەموو بڕگە و ماددەکانی باش نیە، قابیلی جێ بەجێ کردن نیە لە هەرێمی کوردستان، ئەوە ئەتوانین وەزارەتی داد بە کورتی چەند ماددەیەك داوای هەموار کردنی بکات، یان پرۆژەیەکی سەربەخۆ سەبارەت بەو یاسایە پێشکەش بکات، و من لەگەڵ ئینفازی یاسای عێراقی نیمە بە هیچ شێوەیەك، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ئیشکالیێکم نیە کە ئەم قانونە ئینفاز بکرێ یان نەکرێ، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی یاسایەوە دەستەلأتی هەیە ئەم یاسایە ئینفاز بکات؟ بەڵێ دەستەلأتی هەیە و ئەتوانێ ئەم قانونە ئینفاز بکات، و قاونێکی عێراقی بێ و ئێمە ئینفازی بکەین لەبەرژەوەندی خەڵك، وابزانم ئیشکالێك نیە، بەلأم من لەگەڵ ناوەڕۆکی قانونەکەم حەز ئەکەم بەڕێز وەزیری داد، کێشەی من لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم قانونەیە کە ئەمانەوێ ئینفازی بکەین، هەست ئەکەم هەندێك دژیەکی تێدایە، ئەگەر جەنابی وەزیری داد بتوانێ ڕوون کردنەوەمان پێبدات، بۆ نموونە لە ماددەی (7) باسی ئەوە ئەکات ئەڵێ وەزیری بۆی هەیە دەستەلأت بدات بە قازی، ئایا ئەمە تەناقوزێك نیە؟ یەعنی هەیکەلی سیستەمی قەزائی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق 100٪ وەکو یەکە؟ بۆیە پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێمە تەنها بە ئینفاز کردن سەرکەوتوو نەبین، لەوانەیە لە هەندێك ڕوو سەرکەوتوو بین، بەلأم لە هەندێك ڕووی ترەوە تووشی ئیشکال بین، واتە ئایا پێویستمان بەوە نیە کە چەند ماددەیەك هەموار بکەین؟ ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی ئەو یاسایەی کە بەرنامەمان هەیە ئینفازی بکەینبەراستی زۆر لە بەرژەوەندی خەڵکە، بۆ نموونە ئەزانین کە هەموو کاروباری کاتب عەدل لە لای کاتب عەدل کۆ ئەبێتەوە، بەلأم ئەگەر ئەم قانونە ئینفاز بکەین بەرپرسانی بەشی یاسایی دەوائیرەکان بۆ نموونە دائیرەی زراعە، ئیتر ئەتوانێ ڕۆڵی کاتب عەدل بگێڕێ، کاتێك من ئیشێکم بە دائیرەی زراعە و هەیە وەکو هاوولأتیەك ئەڕۆمە ئەو دائیرەوە ئەگەر تەعاهودێکم هەبێ پێویست ناکا بڕۆمە کاتب عەدل، ئەتوانم هەر لەناو خودی دائیرەکە ئیشەکانم بۆ تەواو بکرێ، کەوابێ ئەوە کارئاسانیەکی گەورەیە و دابەش کردنی ئیشە، و لەبەرژەوەندی هاوولأتیە، بۆیە من لەو ڕووەوە لەگەڵ قانونەکەم، بەلأم بەمەرجێك ئەو ڕوون کردنانەوەمان پێ بدرێت، لەگەڵ ڕێزم

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەراستی من پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە ڕۆژان ئەکەم، کاتێك ئێمە دەستەلأتی یاسا دانانمان هەیە پێویستە یاساکانی خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان دەرچن، بەلأم ئەگەر پێویست بکات هەمواری بکەین ئەو یاسایەی 2007، ئەگەر ئەمەش موناقەشە کرا ئەوە موناقەشەیەکی ورد بکرێ و ئەو کەموکوڕیانەی کە لەم یاسایە کە لە ساڵی 1998 دەچووە پێویستە ئێمە پڕی بکەینەوە، نەك وەك ئێستا بەتەنها بەڕێزان

لیژنەی یاسایی بە تەنها بە دێڕێك نەفازی ئەم یاسایە بکەن، بۆ نموونە ئەوە ئەکەین دائیرەی کاتب عەدلەکان قەلەبالغی زۆریان لەسەرە، ڕۆتینێکی زۆریان دروست کردووە، یان هیلاکیەکی زۆری دروست کردووە، بەلاّم ئێمە پێویستە لەم یاسایە ئەوەی کە ئەم یاسایە درکی پێ نەکردووە ئێمە پڕی بکەینەوە، بۆ نموونە لە کاتێکدا صلاحیەت بدرێ بە موحەقیق عەدلیەکان، بدرێ بە زابتی قاونی لە مودیریاتی شورتە، بدرێ بە شوعبە قانونەیەکان لە دەوائیرەکانی حکومەت، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆتین کەمبێتەوە، و ئەو ئەرکەی کە لەسەر دائیرەی کاتب عەدلەکانیشە وەکو ئێستا نامێنێ، لەبەر ئەوەی ئێستا بۆ نموونە ئەوەی دکتۆرە ڕۆژانیش باسی کرد، کەفالەتەکە کاتێك تەقدیری ئەو قیمەیە ئەکات،کاتب عەدل (10000) دینار دانراوە، باشە ئەوە بۆ تەوسیقی سەنەدات و عقودی زۆر بە قیمەتە، ئایا (10000) دینار لە کەفالەتدا چ ڕێگریەك ئەکات ئەو کەسە سەرپێچی یاسا نەکات؟ لە مەسەلەی تەحدیدی عیلاقەی قانونی لە بەینی ئەو دوو تەرەفەدا کە ئەم یاسایە درکی پێ نەکردووە، بۆ نموونە (ایجار من الباطن)، لە کاتێکدا بە پێی قانونی ئیجاری عەقار ئەمە نایاساییە و سەرپێچی قانونە، بەلاّم کە تۆ تەحدیدی ئەو عیلاقە قانونیە نەکەی کاتب عەدل لێرەدا ئیلزام نەکراوە کە تەحدیدی عیلاقە قانونیەکە بکات لە نێوان موستەئجیر و موئەجیردا، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو کەسە بەکێی دابێتەوە کەسێکی تر ئەتوانێ بچێ بە دەلاتی ئیجار دابنێ لە کاتبی عەدل لە ئیجرا، و کاتبی عەدل تەوسیقی بکات، لێرەوە ئیجرائێك دروست ئەبێ کە دواتر ناتوانرێ داوای تەخلیەی قانونی بکات، کۆمەڵێك کێشەو کەموکوڕی تێدایە پێم وایە ئەگەر بکرێت ئیزافاتی بۆ بکەین، ئەگەر موناقەشەش ئەکرێ، ئەگەر نەکرێ ئێمە یاسایەکی خۆمان هەیە و باشترە

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر عبدالرحمن

**بەڕێز عمر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

نوقتە نیزامیەکەی من لەسەر قسەکانی (گەشە)خان بوو، لە سیاقی قسەکەی ئەڵێ لیژنەی یاسایی ئەیەوێ بە دێڕێك ئینفازی ئەم یاسایە بکات، ئێمە هێشتان هیچمان نەوتووە، ئەوە لەبەر دەمی ئەندامانە کە ئینفاز بکرێ یان نا؟ سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وێڕای پشتگیری تەواوم بۆ قسەکانی دکتۆرە ڕۆژان و گەشە خان، لە ڕاستیدا ئەم یاسایە زەمەنێکی بەسەردا تێپەڕ بووە، ئێمە ئەزانین هەر یاسایەك کە دەرچێ لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕانکاری لە عیلاقاتەکاندا ئەبێ، لە پێداویستی خەڵك ئەبێ، لە بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکاندا ئەبێ، لەبەر ئەوە ئەگەر هەر لەو

مەفهومەشەوە بیری لێبکەینەوە پێویستە ئەم یاسایە موناقەشە بکرێ و گۆڕانکاری لەو بابەتانە بکرێ کە ئەو دوو بەرێزە باسیان کرد، من نامەوێ قسەکانی ئەوان تیکرار بکەمەوە، لە راستیدا ئەبێ گۆڕانکاری بکرێ و موناقەشە بکرێ، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەتمەن ئەبێ ئینفاز بکرێ، چەند بڕگە و بابەتێکی هەن ئەبێ تەعدیل بکرێ، خۆ وەکو خۆی کتومت هەمووی ئینفاز ناکرێ، چەند بڕگە و ماددەیەکی تەعدیل ئەکرێ، چونکە خصوصیەتی عێراقی پێوەبێ ئەوە خصوصیەتی کوردستانیشی پێوە ئەبێ، فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ئەو پرۆژەیە حکومەت ناردویەتی، ئەوان هەندێك ماددەیان تەعدیل کردووە، بەلاْم ماددەکان کەمن بەراستی،بۆیە هەندێك مولاحەزات دروست بووە لەسەر ئەو پرۆژەیە خۆی ئەوانەی کە لە بواری داد نووسیدا کار ئەکەن لە مەیدانی عەمەلیدا زیاتر کەموکوڕیەکانیان بۆ دەرئەکەوێ، بۆیە ئەوان خۆیان وەك فەرمانگەی داد نووسی هەندێك مولاحەزاتیان ناردووە لەسەر یاساکە، من پێم باشە هەندێك کە ماددەکانی چاك بکرێن، و پاشان ئەو پرۆژەیە پەسند بکەین، هاوکارانم هەندێك لەو خاڵانەیان ئاماژە پێدا، بۆ نموونە ئەوەی ماددەی (7) کە کاك (عبداللە)ش ئاماژەی پێدا (للوزير منح صلاحيه كاتب العدل الى القاضي او عضو الادعاء العام.....)، دیارە پلەی کاتب عەدل وابزانم پلەی بەڕێوەبەرە، لەبەر ئەوە ئەتوانرێ ئەو دەستەلاْتەی پێبدرێت، دەستەلاْتی قازی یان عوزوی ئیدیعای عام و ئەوانە، شتێکی تر کە لە ماددەی (11) دکتۆرە ڕۆژانیش باسی کرد لە فەقەرەی شەشەم ئەو (10000) هەزار دینارە، لە راستیدا دیاری کردنی پێویستە لەم یاسایە، لایەنی کەمی و زۆری ئەو پارەیە دیاری بکرێت کە لە کەفالەتدا وەرئەگیرێ، چونکە ئێستا بەراستی لەکەفالەتەکاندا هەندێکجار پارەیەکی وا لەسەر هاوولاْتیان دائەنێن کەوا داوای کەفالەتی لێئەکەن کە مەگەر ئەوانەی پلە تایبەتەکانن، یان ئەوانەن کەوا مووچە بەرزەکانن، ئەگەرنا ناتوانن بینە کەفیلی ئەو هاوولاْتیانە، لەبەر ئەوە من پێم باشە نەك بە ڕێنمایی بێ، چونکە هەندێ لە وەزارەتەکان هەندێك ڕێنماییان دەرکردووە کە ڕەنگە لەگەڵ یاساکەش تێکنەکاتەوە، بۆیە زەروورە کەوا لایەنی کەم و لایەنی زۆری ئەو بڕە دیاری بکرێ کە لە کەفالەتدا وەرئەگیرێ نەك بهێڵدرێتەوە بۆ قەناعەتی کاتب عەدل کە لێرەدا هاتووە، دەربارەی مووچەکەشیان بەراستی ئەوەش گرنگە کە لەبەر چاو بگیرێ، من ئەڵێم ئینفاز بکرێ، بەلاْم ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا تەئیدی ڕاپۆرتەکە تەواو کراوە کە چەند ماددەیەکی زۆر زۆر کەمە، یەعنی زەروورە ئەو مولاحەزاتانە لەبەر چاو بگیرێن، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم باشە بیخەینە دەنگەوە، ئینفاز بکرێ یان نەکرێ؟ ئەگەر وتی ئینفاز بکرێ ئەوکات تەعدیلەکان بکەن باشە، بەلاَم ڕەئی وەزیر وەرئەگرین، ئێستا ئەگەر دوو، سێ کەسی تر داوای نوقتەی نیزام بکات من چی بکەم؟ فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من نازانم بەپێی ئەم سێ ساڵەی کە لێرە بووین وا تێئەگەم کاتێك کە مەشروعێك دێتە ئێرە، ئینفاز، فەقەت موناقەشەی ئەوە ئەکرێ ئایا ئینفازی بکەین یان نا؟ تەعدیل ئەبێ بە پرۆژەی هەموار کردن بێتە پێشەوە، قسە کردن لەسەر ماددەکانی ئەم یاسایە ئەبێ کاتێك بێ پرۆژەیەك تەقدیم کرابێ بۆ تەعدیل کردن، ئێستا پرۆژە یاسایەك هاتۆتە پێشەوە بۆ ئینفاز، ئێمە لەگەڵ ئینفازداین یان نا؟ ئەگەر لەگەڵ ئینفازداین با بکرێ و دوایی تەعدیل ئەکرێ، من واتێگەیشتووم لە خیلالی تەجروبەی ئەم سێ ساڵە کە ئەگەر ئینفاز بوو فەقەت دەنگدانە لەسەر ئینفاز

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عیماد

**بەڕێز عماد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

قسەکانم کرا، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە شارەزوری

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وایە یەکەمجار کاك کاردۆ پێشنیاری ئەوەی کرد کە جەنابی وەزیر تەوزیحێك بدات، حەق وایە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگایان بدا بە جەنابی وەزیر تەوزیحێك بدات بزانین ئایا ئەم یاسایە نیفاز بکرێ یان نەکرێ؟ ئێستا ئەوەندەی تێگەیشتووم برادەران هەستان باسی قانونەکە ئەکەن، حەق وایە پێش ئەوە ڕەئیەکی جەنابی وەزیر وەربگیرێ و بزانین تا چەند لە مەصلەحەتی خەڵکی کوردستانە ئەو یاسایە نەفاز بکرێ یان نا؟

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا ئەسعەدی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش هەر ئەوە بوو بزانم ئالیەتی بەڕێوەبردنی ئەو جەلسەیە لەوەوەیە بزانم کە هەمان پشتگیری ئەکەم کە یەکەمجار وەزیرەکە ڕوون کردنەوە بدات، حەقە بزانین ئایا چ ئیجابیاتێك وامان لێئەکات ئینفازی بکەین؟ سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا جەنابی وەزیر ڕەئیت لەو بارەوە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری؛وەزیری داد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەرەتا دەمەوێ بێمە سەر بنەمای ئینفازەکە، تەبیعی بە گوێرەی مادده (130) لە دەستووری عێراق ئەڵێ (تطبق التشريعات المعمول بها نافذة المفعول مالم تلغى او تعدل وفق احكام هذا الدستور)، و تەبیعی ئەو قەوانینانەی کە زمنی دەستەلاّتی حەصریە، ئەوە لەسەر عمومی عێراق تەتبیق ئەکرێ بە هەریمی کوردستانەوە، ئەوەی کە خاریجی ئیختیصاصاتی حەصریە دەستوور ڕێگەی داوە کە ئینفاز بکرێ ئەگەر هاتوو پەرلەمانی کوردستان ئیقراری کرد، لێرەش تەجاروبمان لەسەر ئینفاز زۆرە، و چەندین قانون و بڕیار لەو پەرلەمانە بەرێزە ئینفاز کراوە، ئەمەش یەکێکە لەو قانونانەی کە وەزارەتی داد تەقدیمی کردیە بۆ ئەوەی ئینفاز بکرێ، تەبیعی ئیجابیاتی ئەو قانونە لە دوو، سێ خاڵی سەرەکی خۆی ئەگرێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە دەستەلاّتدانە بە مودیری دەوائیری قانونی لە فەرمانگەکان هەمووی، و لەو دەزگایانەی کە سەر بەوەزارەت نین، بۆ ئەوەی بتوانن عقود و کەفالات و تەعاهودات تەصدیق بکەن بێ گەڕانەوە بۆ کاتب عەدل، واتە دەستەلاّتی کاتب عەدلیان ئەدرێتێ، ئەوەش ئەبێتە مایەی ئاسانکاری هەم بۆ وەزارەت و هەم بۆ هاوولاّتیان، ئەگەر بەرێزتان مولاحەزە بکەن لە کاتی پەسند کردنی بودجە کە بەعزێك ئیلتیزاماتی مالی ئەکەوتە سەر حکومەت، ئەبینین کە دائیرەکانی کاتب عەدل بە هەزاران کەسی تێدایە، و کاتب عەدلیش ناتوانێ دەرەقەتی ئەو ئیزدیحامە بێتن، بۆیە ئەگەر ئەم دەستەلاّتە بدرێتە وەزارەتەکان بەراستی دەتوانن ئەوان ئاسانکاری بۆ ئیش و کاری هاوولاّتیان بکەن، و ڕۆتینیش کەم بکرێتەوە کە هەمووومان بانگەشەی بۆ ئەکەین، خاڵی دووەمی ئەم ئیجابیاتە ئەوەیە بەراستی ئەم قانونە هەم قانونی کاتب عەدلی لەخۆ گرتووە، هەم قانونی تەسجیلی مەکائینی لەخۆ گرتووە، تەبیعی ئێستا ئێمە کار بە قانونی تەسجیلی مەکائین ئەکەین کە ساڵی (49) دەرچووە، واتە (70) ساڵ پێش ئێستا دەرچووە، لە بەغدا لەغو بووە، ئەصلەن نەماوە، و لەبەر ئەوەی لە ڕووی مەوزوعیە، و مەسەلەی تەسجیلی مەکائین مەسئەلەیەکی موهیمە، و لە ئیش و کاری کاتب عەدلە، لەو قانونەی ڕەقەم (98) دەمج کراوە، واتە ئێمە هەم قانونی کاتب عەدل ئینفاز ئەکەین، هەم قاونی تەسجیلی مەکائینیش دێتە ئاراوە، تەسجیلی مەکائینیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەکو پێشان نیە، مەکائین تەتەوری کردیە، ئێستا تەسجیلی مەکائین

له كاتب عەدل وەكو سەنەويەى سەيارەتی لێهاتووه، وەكو صورەت قەيدى تاپۆى لێهاتووه، لەبەر ئەوەى ئەگەر مەكائينەكە تەسجيل نەبێ شەهادەى تەسجيلت نادەنێ، ئەگەر شەهادەى تەسجيلت نەدەنێ ئيجازەى مەعمەلت نادەنێ، كە ئيجازەش نەدرا ئاوت نادەنێ، كارەبات نادەنێ، خەدەماتت نادەنێ، بۆيە بەراستی تەسجيلی مەكائين ئەو قانونە تازەيە زۆر كێشەى موعالەجە كردووه و زياتر لە 11، 12 ماددەى تێدايە كە پەيوەندى بە تەسجيلی مەكائين هەيە، خاڵێكی تريش ئەوەيە بەراستی ئەبێ ئێمە كە بەشێكين لە عێراق جۆرە شێوازێكمان هەبێ لە پەسند كردنی بەڵگەكان، و شێوازى پەسند كردنەكان لە بەغدا نزيك بێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەى بەڵگەنامەكانی ئێمە لە بەغدا نافيزە، و بەڵگەنامەكانی ئەوانيش لێرە نافيزە، بۆيە ئەبێ نزيك بوونەوەيەك هەبێ لە ناحيەى جۆر و شێوەى پەسند كردنی بەڵگەكان، دێمە سەر بەعزێك مولاحەزات كە بەرێزان دايان، خۆى ئێمكان هەيە هەندێ فەقەرە هەيە لێرەش ئيزافە بكرێ وەك ئەو نەقصانەى كە هەيە دوايی دێينە سەرى، بەڵام بەنيسبەت ئينفازەكە ئەوەيە، زۆر برادەر باسيان كرد بۆ دەستەڵات بدرێتە قازى؟ بەڵێ ئەو دەستەڵاتە هەبوو لە ناو قانونەكە، لەبەر ئەوەى لە عێراق و لە هەرێمی كوردستانيش ئەو ژمارەى كاتب عەدلە نەبوو، بۆيە دەستەڵات ئەدرا بە قازى هەم ئيشی كاتب عەدل ببينێ، هەم ئيشی قاصرين ببينێ،هەم ئيشی تەنفيزيش ببينێ، حاكم مونفەريد بووە لە قەزايەكە، كەسيان نەديتەوه، بەڵام ئێستاش و شوكر بۆ خوا لە زۆربەى زۆرى هەرە قەزا و ناحيەكان كاتب عەدلی تێدايە يان كاتب عەدلێكی نزيكی تێدايە بۆ ئەوەى ئيتيجاه بەو ئيديعا عامانە نەكەين، بە نيسبەت كەفالەتەكە من دوێنێ لەگەڵ كاتب عەدلەكانيش كۆ بوومەوە، بە نيسبەت كەفالەتەكە ئەو پارەيە ڕەنگە پارەيەك بێت ئەوكاتی موستەنسەخەكە بێ، حيكمەتێكی ئەوتۆى نيە، ئەگەر ڕێژەيەكی زياد بێ من وەكو وەزيرى داد يان وەكو وەزارەتی داد مانعمان نيە، بەس شتێكی مەعقول بێ، چونكە ئەوە مەترسی لەسەر كاتب عەدلەكان هەيە، بە جەنابت ئەڵێم كاتب عەدلی يەكەمی هەولێر ئەمڕۆ لە حدودى 600، 700 مەعامەلە تەصديق ئەكات، باشە دەستەڵاتی بدەيتێ تەقديرى مەقدەرەى مالی كەفيلێك بكات ئەمە چۆن ئەتوانێ لە دەرەقەت ئەو هەموو مەعامەلەتانە بێت؟ بەڵام ئەگەر پشتگيرى هەبێ لە جيهەتێكی مالی يان لە دائيرەيەك يان لە غورفەى تيجارە زۆر بە شێوازێكی ڕێكوپێك ئيشەكان ئەڕۆێنين بەڵام ئەگەر ديسان مەبلەغی كەفالەتەكە شتێكی مەعقول بێ دەستەڵاتی پێ ئەدرێ قەناعەتی بە شەخصێك هێنا بەبێ پشتگيرى ئەتوانێ پەسندى بكات، زۆر تەبيعی و زۆريش ئيعتياديە، بەڵام ئەبێ مەترسيەكانی كاتب عەدلەكانيش بە نەزەرى ئيعتيبار وەربگيرێ، نەوەك پارەيەكی زۆر دابنرێ كە نەتوانی ئەصلەن چ قەرارێك بدات و قەناعەتی خۆشی ئيستيعمال بكات، بە نيسبەت موخەصەصات تەبيعی ئەو موخەصەصاتەى لە كاتب عەدل هاتيە ڕەچاو كراوه، 25٪ موخەصەصات وەردەگرێ لە ڕاتبی ئيسمی، بەڵام سەرەڕاى ئەوەش موخەصەصاتی ترى هەيە، چونكە كاتب عەدل موخەصەصاتی مەنسەبی هەيە، مەوقيعی جوگرافی هەيە، موخەصەصاتی شەهادەى هەيە، موخەصەصاتی زەوجيە و ئەتفاڵی هەيە، ئەوانە هەمووى كۆ بكەوه بەراستی موخەصەصاتێكی باشی هەيە، بۆيە 25٪ ئەگەر تێشيدابێ زۆر تەبيعيە، بەڵام ئەوە تەئسير ناكاتە

سەر موخەصەصاتەکانی تر، چونکە لە وەزارەتی دارایی ڕێنمایی پێ دەرچووە بە نیسبەت دەرماڵەی کارمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، ئەمە بەراستی کورتەی ئەو مولاحەزاتانە بوو کە درا، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەو ڕەئیەی ئێوە ڕەئی هەموو لیژنەی یاساییە؟ چونکە دوو ئەندامی لیژنەکەتان ئیعتیرازیان گرت، پێمان خۆشە بزانین چەند کەس لەگەڵتان بوو؟ ئەو قسەی ئێوە تەعبیر لە ڕەئی چەند کەس ئەکات؟ فەرموو

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشەکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرایە، (8) ئەندامی لیژنەی یاسایی واژوویان کردیە هیچ ئیعتیرازیان نەبووە، تەنها کاک کاردۆ تێبینی هەبووە لەسەری، لەگەڵ کاک ئارام، دکتۆر ڕۆژان ئیجازە بوو، واژووی نەکردیە، ئێمە پاش ئەوەی ئەو ئەندامە بەرێزانە قسەیان کردو جەنابی وەزیری عەدلیش تەوزیحی دا، ئەتوانین دەستکاری لە ماددەی (11) بکەین، و (7) وەکو خۆی، تەوزیحی وەزیریش وازح بوو بۆی، سەبارەت بە قسەکانی گشە خان ئەڵێ کاتب عەدل ناتوانێ عقودی ئیجاری تەصدیق بکات، ڕاستە، بۆ ناتوانێ؟ لەبەر ئەوەی قانونێکی تر هەیە کە موعالەجەی بابەتەکی کردیە، یاسای خانووبەرە، تەحدیدی کردیە ئەبێ موراجەعەی دائیرەی زەریبە بکرێ، زەریبە حەوالەی کاتب عەدلی ناکات، مەمنوعە، ئەوەیە شتەکە، ئەو دەستەڵاتەیان نیە، ناتوانن تەصدیقی بکەن، ماددەکانی تر تا ئێستا پاش ئەو تێبینیانە کە پێشکەش کرا موتەعەلیقە بە ماددەی (11)، ماددەی (7)، ماددەی (16) ش، پارەکە ئەتوانین ئەو پارەی کە لەوێ دیاری کرایە حەتمەن قانونەکە قەدیمە، پارەی سویسری بووە، (10000) هەزار دیناری سویسری ئەوکات بۆ ئێستا زۆرە، ئێمە بە باشی ئەزانین حیسابی ئەو پارەیە بکەین ملیۆنێك و نیوە (1500000)، واتە کاتب عەدل لە دەستەڵاتی هەبێ هەتا (1500000) خۆی بە قەناعەتی خۆی تەصدیقی بکات، زیاتر بوو ڕەوانەی لایەنەکانی تر بکات بۆ ئەوەی ئیمکانیەتی مالیی ئەو کەسەی کە ئەبێتە کەفیل مەعلوم بێ ئینجا پەسندی بکات، هەتا مەسئولیەت نەکەوێتە سەر کاتب عەدلیش، ئەو ماددانەی کە پێشنیار کرایە ئەتوانین صیاغەی بکەین، بەس پێشنیار کرا ئایا قانونەکە ئینفاز بکرێ یان نا؟ پێم باشە ئێستا ئەو فەقەرەیە بخرێتە دەنگدان، ئەگەر قەبوڵ کرا بە ئینفاز کردن ئەوە ئەتوانین ئەوکات ئەو مولاحەزاتانە پێشکەش کرا ئیشی لەسەر بکەن و چاکی بکەنەوە، سوپاس

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فیعلەن ئێمەش پێمان باشە جارێ یەکەم با بیخەینە دەنگەوە کە ئینفاز بکرێ یان نەکرێ؟ لە هەردوو حاڵەت پەرلەمانتاران ئەتوانن ڕەئی خۆیان بدەن، دوورترین ڕەئی ئەوەیە، تەبعەن لیژنەی یاسایی لە کۆی 11 دەنگ 8 کەسی ئەڵێ بکرێ، جەنابی وەزیر ئەڵێ بکرێ چەند برادەرێك لە لیژنەی یاسایش دوو

کەسیان ئەڵێن نەکرێ، سێ کەسیان ئەڵێن نەکرێ، هەندێکی تریش ئەڵێن نەکرێ، بۆیە دوورەکەی ئەوەیە کە نەکرێ، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو قانونە ئینفاز نەکرێ دەست بەرز بکاتەوە؟ (8) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دایە ئینفاز بکرێ؟ فەرموو لیژنەی یاسایی، ئینفاز بکرێ، تەبعەن بۆ تەعدیلەکەی، فەرموو سۆزان خان

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

خۆی هەر ئەو یاسایە کە هاتووە ئینفاز باس کراوە، باسی تەعدیل نەکراوە، یەعنی ڕاپۆرت حازر نەکراوە لەسەر تەعدیل کردنەکەی، من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەمە بە پێی پەیرەوی ناوخۆ ئەکرێ ئینفازی قانونێك تەعدیلەکەشی لەگەڵ دا بێ؟ پرسیارەکەی من بۆ لیژنەی یاساییە، سوپاس

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

مادام بابەتەکە موتابیقە لەگەڵ دەستووری عێراقی بە پێی ماددەی 121 ی پەرلەمانی کوردستان ئەتوانی تەعدیلی تەتبیقی ئەو قانونەی بکاتەوە، چەند ماددەیەك.

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانن تەعدیلەکانیش ئەساسی نین، مەسەلەن (10000) دینار تۆ ئەیکەیتە (500000) هەزار دینار، شتی ئەساسی نین لە قانونەکە بەراستی، ئەگەر شتی ئەساسی بێ ئەوە حەقە بۆ دانیشتنێکی تر مەسەلەن ئەوە بکرێ، فەرموو دکتۆر عومەر

**بەرێز د.عمر نورەدینی**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا جێ بەجێ کردنەکەی زۆر ئاساییە، بەلاَم لێرەدا ئەو پرۆژەیە کە پێشکەش کراوە بەتەواوەتی ئینفاز کردن نیە، بەڵکو تەعدیلی هەندێ مادەشی تێدایە، بۆیە تەعدیلەکەی ئەبێ بکرێتە (قانون انفاذ وتعدیل قانون کاتب العدل)

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو  ماددە بە ماددە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمان وتوومانە دیباجەی پەرلەمان، لەبەر ئەو مەشروعەی ئێستا لەبەر دەممانە، لەوێوە دەست پێ ئەکەین، عینوانی قانونەکەی، (قانون انفاذ قانون کتاب العدول رقم 33 لسنة 1998 في اقليم کوردستان-العراق)، ئایا بەو صیاغە بێ یان بڵێین (قانون انفاذ وتعديل قانون كتاب العدول رقم 33 لسنة 1998 في اقليم كوردستان-العراق) ؟

المادة الاولى:

انفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (33) لسنة 1998 في اقليم كوردستان – العراق والعمل بأحكامه.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو پرۆژەی کە پێکەش کراوە تەنها بۆ ئینفازە، ئێستا ئینفازەکە دەنگی هێناوە، تەنها ئینفازەکە ئەوە ئەکرێ، پاشان پرۆژەیەکی تر تەقدیم ئەکرێ بۆ تەعدیل تەتبیقی، بە پێی ڕێککارە یاسایەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوە ئینفازە، تەعدیل تەتبیق جودایە شتێکی ترە، ئێستا تەنها ئینفازەکە دەنگی هێناو یەك ماددە بێ ئینفازی ئەو قانونە کراو تەواو

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە کە ماددەکانی ئەساسی نەبن بۆ تەعدیل، بۆ گۆڕینی مەجرای قانونەکە (10000) دینار بکەیتە ملیۆنێك دینار، یان زیاتر شتێکی ئەوتۆ نیە بەراستی، فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ناوەڕۆکەکەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیەوە (ئینفاز و تەعدیل تەتبیق) مەبەستم ئەوە بوو، تەنها ئەو پرۆژەیە بۆ ئینفازە، واتە (حل السلطات في اقليم كوردستان محل السلطات الاتحادية) ئەوە شتێکی ڕۆتینە و ئاساییە، بەس پارەکەش کێشە نیە، بەس ئەگەر هەندێ ماددە بێ مەبەست گۆڕانکاری بێ تیایدا بکرێ، یان ناونیشانی یاساکە وشەی (تعديل تطبيق) بۆ زیاد بکرێ ئەوە وابزانم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستی بە پرۆژە یاسایەکە، ئەو یاسایە ئێستا دەنگی هێنا تەنها ئینفازی یاسا عێراقیەکەیە،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەرێز عمر عبدالرحمن**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئێمە گەلێك پرۆژەمان هاتۆتە بەردەست زیاد و کەم کراوە لەم پەرلەمانە، ناوی گۆڕاوە، ماددەی بۆ زیاد کراوە، ماددەی لێکەم کراوەتەوە، ئەگەر مولاحەزەی ئەم پرۆژەیە بکەین کە وەزارەتی داد ناردوویەتی (قانون ئینفاز قانون كتاب العدول) ماددەی دوو باس لەوە ئەکات ئیقاف عەمەل بۆ ماددەی 16 ی (قانون كتاب العدول ولتحل محلها مایاتي) واتە گۆڕانکاری کرد، تەعدیلی لە ئەصلی ماددەی 16 کرد بەوەی کە لوغەی کوردی و عەرەبی باسی لەسەر کراوە، هەروەها ماددەی (3)شی تەعدیل کردووە کە ئەڵێ (تحل مؤسسات ودوائر اقليم كوردستان-العراق و شاغلوا المناصب فيها والدوائر الاتحادية فيها وشاغلوا مناصب فيها اينما ورد) بە کێ؟ بە مەجلیسی وزەرائی ئەقلیم، کەواتە ئەم پرۆژە یاسایە ئینفازیشە و تەعدیلیشە و تەتبیقیشە، هیچ ئەشکالێکی یاسایی لەسەر نیە، سوپاس**

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك کاردۆ**

**بەرێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئەم پرۆژە بۆ ئینفاز کردنە، بۆ تەعدیل کردن تەقدیم نەکراوە، کە قسە لەسەر تەعدیل بکرێ ڕەنگە ئێستا هەموو ماددەکان ببێتە موناقەشە و پێشنیار هەبێ بۆ تەعدیل کردنی، لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم دەرفەتێك بدرێتە لیژنەی یاسایی بەناوی تەعدیل موناقەشەی لەسەر بکرێتەوە و بهێندرێتەوە ناو پەرلەمان و ئینجا قسەی لەسەر بکرێ، چونکە ئێستا هەموو ماددەیەك لە عینوانەکەی حەق هەیە بێگۆڕێت و نەك ئەوەی ئێستا بڕیار دراوە بەس پارەکە ئەگۆڕدرێ، یان بەس عینوانەکە ئەگۆڕدرێ، وا نیە ئەمە، سوپاس.**

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**وەلا من قانونی نیم، بەلام هەر خۆتان ئێستا ماددەی 2 ئەڵێ (ايقاف العمل)، لە ماددەی 16 لە قانونی ئەوەندەوە (عدول وتحل و محلها) یەعنی چی؟ یەعنی هەموار ئەکرێ، لە ناوەڕۆکی قانونەکە هەموار کردنی تەعدیلە کاکە، گۆڕینی ئەوەی ئەوە جێی بگرێتەوە ئێوە قانونین زیاتر، فەرموو ناسك خان**

**بەرێز ناسك توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە پێش ئەم یەعنی چەندجارێکی تر لەم سێ ساڵە یەك، دوو یاسای ترمان ئینفاز کردووە، ویستوومانە تەعدیلی بکەین وتوویانە ئەوە قانونی ئینفازە ، تەعدیلی تیا ناکرێ، تازە ئەگەر قانونیش بێ**

بۆتە عورف لەم پەرلەمانە، مەشروع هات ئینفاز بێ فەقەت بۆ ئینفازەن ئەمە کە لێرە هەیە مەشروعێکە کە حکومەت ناردوویەتی، مەرج نیە راست بێ، ئێمە دەزگای تەشریعین، ئەڵێین مادام ئەم پرۆژەیە فەقەت باسی ئینفازە ئەبێ ئەمرۆ پرۆژەکە باسی ئینفازی لەسەر بکرێ، دواتر پرۆژەیەك تەقدیم بکرێ بۆ تەعدیلی ئەو مەوادانەی کە پێویست ئەکات، چونکە بەراستی من وەکو پەرلەمانتارێك دیراسەی ئەم مەشروعەم کردووە، نەهاتووم بچم بە شوێن تەعدیلدا بگەڕێم، بۆ؟ لەبەر ئەوەی وتوومە ئەمڕۆ یان ئینفاز ئەکرێ یان ئەوەستێندرێ، لەبەر ئەوە من بەراستی ئەڵێم زۆری تریش وتیان، ئەمڕۆ مەفروز بوو تەنها دەنگدان لەسەر ئینفاز بکرێ، نەك تەعدیلی تێدابێ، ئەم مەشروعە لە حکومەتەوە هاتووە، مەرج نیە ئێمە وەکو دەزگایەکی تەشریعی بەم مەشروعە ڕازی بین

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دانیشتنەکانی ڕابردوو لە بەرنامەیەکی کار یەکێ لە خاڵەکانی تەئجیل ئەکرێ گلەیی ئەکەن ئەڵێین بۆ تەئجیل ئەکرێ؟ با موناقەشەی بکەین، یان لەناو بەرنامەی کارە، ئێستا فەرموو موناقەشەی بکەن، بۆ تەئجیلی ئەکەن؟ ئەی بۆ لەوێ حەرامە و بۆ لێرە حەڵاڵە؟ دەفەرموو موناقەشەی بکەن، مادده بە مادده کامیان گلەیتان هەیە موناقەشەی لەسەر بکەن، تازە خراوەتە بەرنامەی کار، لە دانیشتنەکانی تر ئەڵێین بۆچی ئەو شتە تەعدیل ئەکەن و تەئجیل ئەکەن؟ ئەی ئێستا بۆ تەئجیلی ئەکەن؟ فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر تێبینی بکەین ئەندامانی پەرلەمان تەنها مولاحەزەیان لەسەر چەند ماددەیەك هەبوو، ئەوەش بە نەزەری ئیعتیبارمان وەرگرت، دوایی بە دەنگدان مەسەلەکە یەکلایی کراوە (ئینفازی قانونەکە)، ئەمە تەجروبەی تریشمان هەیە، (قانون الاحوال الشخصية)ی عێراقی لێرە بە (قانون تعديل الاحوال الشخصية العراقي رقم 15 لسنة 1998) دەرچوو، تەجروبەمان هەیە و ئەو کارەش کرایە، هیچ موخالەفەی تێدا نیە، موهیم مەوزوعەکە موخالەفەی دەستووری عێراقی نیە، موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نیە، موخالەفەی قانونی پەرلەمان نیە

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر

**بەڕێز عمر صدیق(هەورامی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر قەصد هەر لە تەنفیز کردن بێ خۆ ئەو پرۆژەیە وەزارەتی داد کە ناردوویەتی ئەڵێ ماددەی 16 ئیقاف بە ئیش کردنەکەی بکەن، و (تحل محلها) ئەمەی خوارەوە، ئەگەر هەرتەنها ئینفاز کردن بێ وەکو ناسك خان باسی ئەکات، ئەبێ باس لە مەجلیسی قیادەی سەورەی نەماو بکرێ، ئەمە ئەم یاسایە لەو سەردەمەدا دەرچووە، ئەگر ئینفازی بکەین ئەبێ دەقاودەق یاساکە خۆی بەو شێوەی کە هاتووە ئینفازی

بكەین، ئێمە دەستووری عێراقی سەلاَحیەتی داوینەتێ، ئەڵێ صلاحیەتی تەتبیق و تەنفیزتان هەیـە، ئێمـە ئەو تەعدیلەی ئەبێ تیا بکەین کە وەزارەتی داد ناردوویەتی بۆ تەعدیل کردن ئەم یاسایە بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرئەچێ، و هەموو موئەسەساتەکانی کـە لێـرە باسـی کـردووە ئەبێتـە موئەسەسـاتی هەرێمی کوردستان

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێسستا بەرێز سکرتێری پەرلەمان هەندێ ڕوون کردنەوەی هەیە، با بفەرموێ

**بەرێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر مەوزوع تەعدیل بێ منیش لەگەڵ ئەوەمە لازمە پرۆژەی هەبێ، بـەلاَم لەگـەڵ نـەفاز هەنـدێ مـەواد لەناو قانونەکە هەیە لە موستەلزەماتی تـەنفیزە، یـەعنی نـاتوانی ئەگـەر ئـەو مەوادانـە نـەگۆڕی قانونەکـە نایەتـە تـەنفیز کـردن، بـۆ نموونـە، باسـی وەزیـری عـەدل ئـەکات، مەخسـەد لـە قانونەکـە وەزیـری عـەدلی ئیتیحادیە، تۆ مەجبوری لێرە ئیزافەی ماددەی (3) بکەی (تحل مؤسسات ودوائر اقلیم کوردسـتان-العـراق و شاغلوا المناصب فیها والدوائر الاتحادیة فیها وشاغلوا مناصب فیها اینما ورد) بە تەعدیل حیسابە، بـەلاَم لـە موستەلزەماتی ئینفازە، ئەگـەر بێتـو ئـەوەی تێـدا نـەبێ تـۆ نـاتوانی قانونەکـە تـەنفیز بکـەی، لازمـە بچـی وەسائیق لای کاتیب عەدلی موسل و بەغدا تەصدیق بکەی، ئێ مەوزوعی زمانە بەراستی، چونکە قانونەکـە هـی (98) بـوو، پـێش ئـازاد کردنـی عێراقـە، دوور نیـە زمـانی کـوردی تێـدا نـەبێ، تـۆ مـەجبووری ئەگـەر تەعدیلی نەکەی لازمە بە زمانی عـەرەبی تەصـدیقی بکـەی، بەمـەوزوعی پـارە، خـۆی پـارەی کـۆن جـارانی (150 )ی ئەکەی، هەتا بێتە موقابیلی پارەی ئێستاـ ئـەوە زەرووریـە، چونکە ئەگـەر وا نەکـەین زەرەرەکـی زۆر گەورە لە خەزینەی کوردسـتان ئـەدەین، یـەعنی راسـتە تەعدیلـە، بـەس تەعدیلـەکی زۆر زەروورپـە لـە موستەلزەماتی تەنفیزی ئەم قانونەیە، لازمە لێرە باسی بکەین، ئەوانی تـر منـیش لەگەڵ ڕەئـی خوشـکان و برایانم کە پرۆژەی تەعدیل بێتە پێشکەش کردن، سوپاس

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەواو بوو، فەرموو لیژنەی یاسایی ماددە بە ماددە موناقەشەی ئەکەین، فەرموو

**بەرێز د.عونی کمال بەزاز**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة الثانیة:

ایقاف العمل بالمـادة (16) مـن قـانون کتـاب العـدول رقـم (33) لسـنة 1998 في اقلـیم کوردسـتان – العـراق وتحل محلها ما یأتي:

اولاً: تکون اللغة الکوردیة والعربیة اللغة الرسمیة في تقدیم السندات وتوثیقها في اقلیم کوردستان – العراق.

ثانیاً: تکون اللغة الکوردیة او العربیة لغة تنظیم السندات وتوثیقها في اقلیم کوردستان – العراق.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمان باشە فەقەرەی سێیەمیش لە قانونە ئەصلیەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە کە بەم شێوەیەیە:

ثالثاً: لكاتب العدل توثيق السندات وتدوينها بلغة اجنبية بعد الاطلاع على مضمونها بواسطة مترجم محلف.

ئەوە لە قانونە ئەساسەکەی هەیە، پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی خوێندرایەوە؟ (3) کەس (کاك عبداللە، کاك سەرهەنگ، کاك جلال)، فەرموو کاك عبداللە

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کاك عونی باسی لابردنی ماددەی (16) ئەکات، گۆڕینی دووبارە، بەس من یەکەمجار کە قسەم کرد سەرنجێکم لەسەر ماددەی (7) دا، یەعنی ئیجازەم بدەن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە، جەنابی وەزیری داد ڕوونی کردەوە کە مەبەستەکە پێدانی دەستەلاتێك بە قازی موشکیلە نیە، بەلام مەترسی من بە پێی دەستووری عێراق سیستەمی حوکمڕانی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەستەلاتەکان (دادوەری، یاسادانان، جێ بەجێ کردن) لێرە ئۆتۆماتیکی دەستەلاتەکان تێکەڵ ئەکرێ، واتە قسەی من لەسەر پرەنسیپە، بۆ نموونە لە ماددەی (7) دا ئەڵێ (بۆ وەزیر هەیە دەستەلاتی کاتب عەدل ببەخشێ بە قازی) ئێ تۆ هاتی لێرە ئۆتۆماتیکی لەپەرلەمان دانت بەوە دانا سوڵتەی تەنفیزی و قەزائی تێکەڵ بکەی، واتە نادەستووریە، کاتبی عەدل عایدی وەزارەتی دادە کە دەستەلاتی جێ بەجێ کردنە، قازی عایدی ئەنجومەنی قەزائیە، بۆیە شتێکی نادەستووری و نائاساییە، پێویستە ئەوەش هەموار بکرێتەوە

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا ئەکەم مادە بە مادە لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە، ئەگەر پێویستی بە قسەکردن هەبوو قسەی لەسەر بکەن، ئەگەرنا ئەیخەینە تەسویت، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة الاولى:

انفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (33) لسنة 1998 في اقليم كوردستان – العراق والعمل بأحكامه.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (3) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی دووەم

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**المادة الثانية:**

**ايقاف العمل بالمادة (16) من قانون كتاب العدول رقم (33) لسنة 1998 في اقليم كوردستان – العراق وتحل محلها ما يأتي:**

**المادة (16):**

**اولاً: تكون اللغة الكوردية والعربية اللغة الرسمية في تقديم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: تكون اللغة الكوردية او العربية لغة تنظيم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان – العراق.**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سێ کەس ویستیان قسە بکەن لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو کاک جلال**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**موتەرجیمی قانونی هەیە، پێویستی بە (يحلف اليمين) نیە، زۆر موتەرجیم هەیە ئێستا لە بازاڕ من پێشنیاز دەکەم بکرێ، بە موتەرجیم قانونی نەك (يحلف اليمين) ، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سەرهەنگ تێبینیت هەبوو؟ فەرموو،**

**بەڕێزسەرهەنگ فرج**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لە سەر ماددەیەکی تر قسەم هەیە،**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبد السلام ناوت نەنووسرابوو بەخوا، فەرموو تۆ و ئەڤین خان فەرموون،**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێستا وتت ماددە، ماددە ئەخوێنرێ، ئەگەر یەکێك تێبینی هەبوو، ئەوە منی تەجزیئە کرد، والله من دەڵێم (ولتحل محلها) زیادە، عەربیەکە غەلەتە، (وتحل محلها) دوو: نازانم کام لوغە (بطريقة كتابتها الحالية) عەرەبی یان کوردی؟ من نازانم ئەوە بۆ چییە؟ (بطريقة كتابتها الحالية) کەس نەحالیەن، نە موستەقبەلییەن خیلاف نیە لە سەر (طريقة الكتابة) هەردوو لوغەکە، وابزانم زیادە ئەوەش، نا على كولين ئەگەر ڕەئیتان هەبێ، چونکە من تێنەگەیشتم، (بطريقة كتابتها الحالية)چییە؟ سێیەم: موتەرجم یەحلف، لە قانون شتی وا نیە، یان موتەرجم موحەلەف هەیە، یانیش قانونی، یەحلف قانونی نیە، شتی وا نیە، سوپاس،**

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو،

**بەرێز ئەڤین عمر احمد**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەر یەکەمیان: حەتمەن یەکەم (یحل محلها) ئەوە (ولتحل) دەبێ چاککرێ، (تحل محلها) دووەم: دەڵێ تکون لوغە (الکردیە والعربیە) کەواتە لێرە ئێمە ئیلزامیان دەکەین کەوا ئەو وەسائیقە، ئەو هینە تەقدیم سەنەداتانە دەبێ بە دوو زمان بێ، ئێمە یان دەبێ بیکەینە (اللغة الكردية او العربية) یان بڵێین (تكون اللغة الكردية والعربية اللغتان الرسميتان في تقديم السندات) یەعنی لێرە دەتوانێ ئەو هینە کەن، چونکە لێرە وای لێ دەکا ئیلزامی دەکا، کە هەموو سەنەدێ بە دوو زمان تەقدیم کرێ، و مەحلەفیش بەڕاستی خۆی هەیە یەعنی هەموو موتەرجەمەکان موحەلەفن قانونییەن باوەڕناکەم پێویست بکا لێرە، چونکە خەتمەکەیان موسەددەقە، سوپاس،

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو

**بەرێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موتەرجیممان هەیە موحەلەفە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە سوێند دەدرێ، پێش ئەوەی دەست بە تەرجومە بکا، کە ئەو هەویەی وەرگرت تەبعەن، ئیتر ئەگەر تەرجومە بوو لەکاتب عەدل لە زمانی عەرەبی یان لە زمانی کوردی بۆ زمانەکی تر ئەو موتەرجیمەی بانگ دەکەن حەسبەل ئسوول خەتمی تایبەتی هەیە، و تەرجومەکەی لێ وەردەگرن تەسدیقی دەکەن لە کاتب عەدل وەکو نوسخەی موتەرجەم، ئا بەم شێوەیە، مەسەلەی ئەوی تریش، منیش پێم وایە ئەوە، ئەو نیە، ئەو (اللغة العربية) ئەوە دوو: هی سێیەم: (بلغتها الحالية) ئەگەر حەزفیش بکرێ بەقەناعەتی من هیچی تێدا نیە، سوپاس،

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان، فەرموو

**بەرێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة رقم اثنين: إيقاف العمل بالمادة (16) من قانون كتاب العدول، رقم (33) لسنة (1998) في إقليم كوردستان ـ العراق، ولتحل محلها ما يأتي:

المادة (16):

اولا: تكون اللغة الكوردية و العربية اللغة الرسمية في تقديم السندات وتوثيقها في إقليم كوردستان ـ العراق،

**ثانيا: تكون اللغة الكردية او العربية لغة تنظيم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان ـ العراق،**

**ثالثا: لكاتب العدل توثيق السندات بتدوينه باللغة الاجنبية بعد الإطلاع على مضمونها بواسطة مترجم محلف،**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی دوو بەو سیاغەی ئەخیری خوێندرایەوە كێ لەگەڵی دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا فەرموون بۆ ماددەی سێیەم**

**بەڕێزعونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة رقم(3) تحل مؤسسات و دوائر إقليم كوردستان ـ العراق وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات و الدوائر الأتحادية و شاغلى المناصب فيها أينما ورد ذكرها في هذا القانون.**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ تێبینیت هەیە؟ فەرموو كاك دكتۆر،**

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەبعەن من هەندێ هەڵەی زمانەوانی هەیە، یەعنی بەعزێ جارێ چاو پۆشی لێ ئەكەین، بەس ئەمە قانونە و تەسبیت دەبێ، یەعنی یەكەم: (تحل مؤسسات و دوائر إقليم كوردستان ـ العراق وشاغلوا)، چونكە عەتفەك هەیە بۆ سەر موئەسەسات، موئەسەسات فاعیلە، دەبێ مەرفوع بێ، ئەوە وەكو مولاحەزەیەك، لە ماددەكانی تریش دا هەندێ شتی تر هەبوو، ئێستا (كتاب العدول) هەڵەیە، دەبێ بنوسرێ ( الكتاب العدول)، چونكە عەدل دەبێ بە سیفەتی كاتیبەكە، یەعنی تەركیبەكە تەركیبێكی وەسفیە نەك ئیزافی، سوپاس.**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو گۆڕانەی لوغەویەی كە كرا، ماددەی سێ كێ لەگەڵی دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەكەی تر، فەرموو كاك سەرهەنگ،**

**بەڕێزسەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێش ئەم ماددەیە هەندێك شت هەیە كە ئێمە داوا دەكەین مەسەلەن ئەوە شوێنێتی لێرە باسی بكەین، بەڵێ من دوو پێشنیازم هەیە پێشنیازی یەكەم: داوا دەكەم لە بڕی ماددەی (19) لەم یاسا تازەیە (98)ماددەی (15) یاسا كۆنەكە كاری پێ بكرێ، لە ماددەی (19)، دەڵێ: (يعرف الاشخاص أطراف العلاقة بالإستناد الى الوثائق المعتمدة ويثبت ذلك في السند) ئەمە لە ماددەی (19)ی ئەم یاسایەی كە ئێمە دەمانەوێ ئینفازی بكەین، بەڵام لە ماددەی (15) تەسەور دەكەم ئاسان تر بێ، لە یاسا كۆنەكە، ئەمە بۆ ئاسانكاری بۆ خەڵك وەكو مەبدەئێك كە ئێمە باسمان كرد، دەڵێ: (تعرف شخصيات العلاقة بالأستناد الى**

الوثائق الرسمية او بمعرفة الكاتب العدل او بشهادة الشاهدين و يثبت ذلك على السند) ئەمە من پێشنیاز دەکەم کۆنەکە لە بری ئەوە، ماددەی تازە دابنرێ، یەك تێبینی تریشم هەبوو لە سەر ئەوەی کە گەشە خان باسی کرد، لە مەسەلەی تەسدیقی عەقدی ئیجار، کاك عەونی جەوابی دایەوە، بەڵام عەقدی ئیجار لای کاتبی عەدل ئێستا ئەگەر تەرەفێکی حکومی بێ کاتب عەدل تەسدیقی عەقدی ئیجارەکە دەکا، ئەگەر تەرەفێکیان تەرەفی حکومی بێ، تەرەفی عام بێ، بەڵام بۆ دوو شەخسیەت، دوو کەسایەتی، دوو کەسی تەبیعی، ناتوانێ ئەو تەسدیقە بکات، یەعنی حەقە بیکات، چونکە لە ئەساسدا عەقدی ئیجارەکە لە سەر مەنفەعەی حەقەکەیە، نەك لە سەر حەقە عەینیەکەیە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ماددەی (19) کە کاك سەرهەنگ باسی لە سەر کرد، ئەو یاسا کۆنە باسی شاهیدی تەعریفی کردووە، دیارە ئەو یاسا لە کاتێکی کۆنە ئەم یاسایەی کە هەیە ساڵی (1977) موخەلەفاتی یاسای ساڵی (1938) وەسیقەی نیزامی پێ دەوترێ، لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە هاتووە، ڕەنگە لەو کاتە بوونی جنسیە و دەفتەر نفووس و هەویەی تایبەتی ئەمانە گران بوو بێ، یاخود نەکرابێ، دەربیت ئیجرائاتی نەویستبێ ئیدارەکان نەبووبێ لەو ناوچانە، بۆیە باس لە شاهیدی تەعریف کراوە، دوو کەس هاتوونەتە کاتب عەدل سوێندیان خواردووە، کە فلانی کوڕی فلانە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆژێك دا دەژین هەموو کەس پێناسی تایبەتی خۆی پێیە، ئەنتەرنێت ئیش دەکا، کۆمپیوتەر ئیش دەکا، مەعلوماتی دەقیق هەیە، شوێنی زانیاری تایبەتی هەیە، هەموو کەس دوو، سێ نەوع هەویەی پێیە، لەبەر ئەوە پێویست دەکا ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ خەڵك وەسائیلی موعتەمەدی پێ بێ، کە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت دەرچووبێ، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە کە دەڵێ بۆ وەسائیقی موعتەمەد، یەعنی هەموو وەسیقەیەك لە شوێنێکی ڕەسمی دەرچووبێ ناوی سولاسی شەخسەکە و ڕەسمەکەی پێوە بێ وەسیقەی موعتەمەدە، ئەگەر بە تەزویر دەرنەهاتبێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێ، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی، فەرموو،

**بەڕێزعمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو چەند هاوکارێکیشم پێشتر باسیان کرد، ئەوەی تایبەتمەندە بە موخەسەسات، من داوا دەکەم هەم لە لیژنەی یاسایی هەم لە بەڕێز وەزیری دادیش ئەم بابەتە زۆر بە وریایی شێوازی داڕشتنەکەی مامەلەی لەگەڵ بکرێ، چونکە ئەگەر بڕیارە موخەسەساتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەبێ بەشێوەیەك دابڕێژرێت

**که دواتر هیچ قورسیەکی مالی نەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر نا پێویستە ڕەئی وەزارەتی مالییە بۆ ئەم بابەتە وەربگیرێ، بۆیە پێویستە شێوازی داڕشتنەکەی بەجۆرێك بێ، بڵێم ئەو موخەسەساتانەی کە وەری دەگرن بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێ، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**گەشە خان، فەرموو،**

**بەڕێزگەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کە ئێستا کاك سەرهەنگ باسی کرد، وابزانم پێشتر دیارە کاك عونی باش لە من نەگەیشت، من مەبەستم تەحدیدی ئەو عیلاقە قانونیەیە لە بەینی کاتێك بۆ نموونە بەدەلاتی ئیجار وەردەگیرێ، دەبێ تەحدیدی ئەو عیلاقە قانونیە بکرێ، لە بەینی ئەو دوو کەسە کە پارەکەی بۆ دادەنرێ، و ئەوەی پارەکە دادەنێ، بۆ نموونە لە کاتی ئیجار (من الباطن) کە بە پێی قانونی ئیجاری عەقار ئەمە ڕێ پێ نەدراوە، بەڵام لە کاتێکدا کە دەچێ ئەو بەدەلاتی ئیجار دادەنێ، حەقی موئەجیر لێرەیە کە کێشەی لەنیزاع هەیە لەگەڵی دا دەفەوتێ لە داواکردنی حەقەکەی خۆی لە مەسەلەی تەخلیەدا لە هەر دەعوایەکی تر کە بەتایبەتی لە تەخلیە کە لە سەبەبی نەدانی کرێ دەبێتە هۆی چۆڵ پێکردنی خانووەکەی، من مەبەستم لە کاتی ئیستیلامی بەدەلاتی ئیجار، پێویستە کاتب عەدل بۆی هەبێ تەحدیدی ئەو عیلاقەتە قانونیە بکا، لە بەینی ئەو دوو تەرەفەدا کە مودع و مودع لە هوە، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاهەنگ خان، فەرموو.**

**بەڕێزئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت عەقدی ئیجار ما بەینی دوو تەرەف ئێمە تاکو ئێستا موشکیلەمان هەیە لە تەتبیقی قانونی ئیجار و تەمدیدی دەکەینەوە، بۆیە زۆر موهیممە کاتب عەدل ئەوەی کە کاك سەرهەنگ گوتی، موشکیلەی عەقدی ما بەینی دوو شەخس ئیجار بێ، کاتب عەدل لە سەر ئەوەی تەسدیق بکا، چونکە هەر کرێیەك کە وەرنەگیرێ بە ناڕەزایی هەر تەرەفەکی مەحکەمە دەتوانێ وەرگری، باشە ئەگەر قانونەکە لە کاتب عەدل تەسدیق نەکرابێ حەقیشی نامێنی لەو کاتەی پارەکە وەربگرێ، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئارام، فەرموو،**

**بەڕێزایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوەی کە لە هەندێ فەقەرە و بڕگە هەموار بکرێ، یەکێك لەوانە مەسەلەی پارەکە ئەوەی کە هەندێك لە هاوکاران باسیان کرد، دە هەزارەکە بکرێ بە ملیۆنێك بۆ پێنج ملیۆن، ئەوە خاڵی یەك: خاڵی دوو: لە مادده (17) فەقەرەی یەك: باسی نووسینی سەنەدەکان دەکا تەنانەت نووسیتی (الکاتبة) کە ئەوەش ئێستا مەسەلەی کۆمپیوتەر هاتۆتە پێشەوە، یان لابدرێ بە دەست و بە ئالەتی کاتبە هەر بمێنێتەوە، یاخود کۆمپیوتەری بۆ زیاد بکرێ، چونکە ئەوە دەبێتە ئیشکالێك بۆ قانونەکە، هەروەها سەبارەت بە ماددەی (28) پێشنیار دەکەم ئیلغا بکرێ، لەبەر ئەوەی کە تەئکید لە سەر ئەوە دەکات ئەگەر بێتو تەسجیل نەکرابێ تەسدیقی بکا ئەو سەنەدە، ئەوە بۆ کاتێك دەبێ کە یەعنی هەموو دام و دەزگاکان لە ڕوی کۆمپیوتەریەوە بەسترابن بەیەکەوە، زانیاریەکان لە هەموو دام و دەزگاکانە، بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەوە نیە، بەڕاستی، ئەوەش مەترسیەك دروست دەکا، بەبێ ئەوەی تەسجیل کرابێ لەلایەك تەسدیقی بکات، ماددەی (28) ئیلغا بکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە ماددەی (36) کە بوونی خەبیر بە جەوازی داناوە (ان اقتضى)کە لا ببرێ، بۆ ئەوەی وجوبی بێ، چونکە کاتب عەدلەکە پێویستی بەوە هەیە کە ئەو خەبیر لەگەڵ خۆیدا ببات بۆئاگادار بوون، و هەروەها سەبارەت بە ماددەی (48) مەسەلەی موخەسەساتەکە لە (25٪)ەکە ئیزافەیەکی بۆ بکرێ، (الى کافة ومخصصات اخرى)، بیجگە لە (25٪)ەکە بنووسرێ (مخصصات اخرى)، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو مولاحەزەتانەی کە درا لە سەر عەقدی ئیجار و ئەو پارەیەی کە دادەنێی وەکو گەشە خان باسی لە سەر کرد، ئەسڵەن عەقدی ئیجار ئیختیساسی دائیرەی کاتب عەدل نیە، ئەوە ئیختیساسی دائیرەی زەریبەیەی عەقارە، ئەوەش کە دانراوە بۆ هەدەفی ئەوە دانراوە لە قانونی ئیجاری عەقار هاتووە بە نەصێکی سەریح، بۆ ئەوەی موئەجیر واتە ساحب ماڵ، لە زەریبە ڕا نەکا و تەحدید کرێ بەدەل ئیجارەکەی بەتەسدیقی چەندە، دواتر ئەگەر خیلاف کەوتە بەینی موئەجیر و موستەئجیر ئەو سەنەدە موسەددەقە حەسمی دکا، دووەم: ئەو پارەیەی کە بە ئەمانەت لە سندوقی کاتب عەدل دادەنرێ، پێی دەوترێ (إيداع) ئەو ئیداعانە کە دادەنرێ، دواتر گەڕانەوەی ئەو ئیداعە بۆ ساحیبەکەی کاتب عەدل داوا دەکا، کیتابی بۆ دەکا بۆ دائیرەی زەریبەی عەقار لەوێ تەئید دەهێنێتەوە، و تەسبیت دەبێ ئەو موڵکە بەناوی فلان کەسەوەیە، و بەرائەتی زیمەی دەبێ بێنێتەوە کە زەریبەی عەقاری لە سەر نیە، ئینجا ئەگەر مالیکە ئەسڵیەکەش بێ ئینجا بەدەلەکەی پێ دەدەن لەبەرئەوە پارەکەی ناڕوا، بەڵام ئەگەر بێتو وەکو گەشە خان باسی لە سەرکرد، (إيجار من الباطن)بێ، خۆ (إيجارمن الباطن)خۆی لە خۆی دا موخالەفەی یاسایە، ئەگەر پارەکە دابنێ یاخود دانەنێ؟ ئەوە لە حەقی موئەجیر کەم ناکاتەوە کە سبەینێ بچێ شکاتی لێ بکات لە

**مەحكەمە بەوەی کە (إيجارمن الباطن)كرديە بيكاتە دەرێ، بەڵام ئەمە دواتر لە مەحكەمە كە بووە دعوا، دەعواكە حەسم كراوە، بڕايەوە دەعواكە (إيجارمن الباطن)كە سابت بوو، (مستأجر من الباطن)كرايە دەرێ، ئەو پارەيەی بەناوی موئەجيرەوە ئيداع كراوە، ئەو پارەيەی دائيرەی زەريبەی عەقار كە تەئيدی دايە بۆ ئەو سەر دەكرێتەوە، ئەگەر لە بەينی دوو كرێچی دا بێ، يەك بەيەك تريان دابێ بەبێ ساحب موڵك، ئەمە ڕەبتی بە ساحب موڵك نيە، چونكە لە ئەسڵدا كارەكە موخالفی ياسايە، ئەوە تەوزيح بوو لەسەر ئەوەی كە باسيان لە سەر كرد، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزير فەرموو**

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزيری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی بەنيسبەت ئەو پارەيەی كە برای بەڕێزم كاك ئارام گۆتی ئەوە هەروەكو ئيشارەتم پێدا بەڕاستی، ئەو دەسەڵاتە بدرێتە كاتب عەدل، بەرامبەر مەترسيەكی گەورەيە بۆ سەر كاتب عەدل قەناعەتی خۆی تەسديقی كەفالە بكات بۆ (5) مليۆن و (10) مليۆن كە ڕۆژانە بە دەيان موعامەلە دێتە پێشی، بۆيە ئەگەر مەبلەغەكی مەحدوود بێ بۆ بەڕێوەبردنی ئيش و كاری ئەو تەبەقانەی كە فەقير و هەژارن، ئەوە ئيمكان هەيە تەسهيلاتەك ببێ، ئەگەر مەبلەغەكی مەعقول بێ، كاتب عەدل بتوانێ بەقەناعەتی خۆی پشتگيری بۆ بكا كەفالەكەی بۆ تەسديق بكا، بەس نەك (10) مليۆن و (5) مليۆن زۆر زەحمەتە، مەسەلەن نموونەكتان بۆ دێنمەوە، موتەهەمەك لە پێش حاكم تەحقيق بە كەفالە بەڕەڵا بوو بە (5) مليۆن دينار، باشە كاتب عەدل چ زەنبی هەيە؟ بە قەناعەتی خۆی شەخسەكی بێنێ، بڵێ من ڕازيمە ئەوە ببێتە كەفيل، كێ زەمانەتی پارەی ئەوە دەكا؟ مەسئوليەتەكە دەكەوێتە سەر كاتب عەدل، يەعنی حەق وايە ڕەچاوی كاتب عەدليش بكەن، ئەو سەلاحيەتەی مەدەنێ، چونكە ئيحراج دەبێ و ناتوانێ بەكاريشی بێنێ، بەڵام ئەگەر مەبلەغەكی مەعقول و مەنتقی بێيتن ئيمكان هەيە ئەويش دەسەڵاتەكەی بەكار بهێنێ، و حالەتەكی موتەوازن دروست بكا، بەينی ئيش و كاری كاتب عەدل، و بەڕێوەچوونی ئيش و كاری هاووڵاتيەكان، بەنيسبەت موخەسەسات هەروەكو ئيشارەتم پێدا (25٪)ەكە لێرە هەيە، جێيەك (45٪) وەردەگرن، بەڕێنمايی وەزارەتی دارايی، جێيەك (50٪) وەردەگرن، بەڕێنمايی وەزارەتی دارايی، زائيدەن موخەسەساتی مەوقيعی جوغرافی، عەدا لە موخەسەساتی زەوجيە و ئەولاد، دوێنێ من لەگەڵيان دانيشتيمە خۆيان داوای موخەسەساتيان لە من نەكردووە، دەڵێن موخەسەساتەكان ڕێك و پێكن، و بەقەناعەتی خۆمان ئەو موخەسەساتانە لە سەر ئاستی ئيش و كاری ئێمەيە، ئەوەی تر بەنيسبەت خەبير كاك ئارام ئيشارەتی پێدا، هەتا ئێستا كاتب عەدلەكان يەك حاڵەتی كەشفيان نەكرديە بەبێ خەبير، خەبير حازر نەبێ ئيمكان نيە كاتب عەدل دەربچێ بۆ تەقديرات و بۆ ئەو شتانەی كە پەيوەندی بە مەسائيلی كاتب عەدلەوە هەيە، يەعنی هەر ئۆتۆماتيكيەن ئيشەكەيان كردۆتە وجوبی، حزوری خەبير لەوێ وجوبيە، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی نوقتە نیزامە، یان شەرحە، قسەت ماوە جەنابی وەزیر؟ فەرموو،

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو سەنەداتانەی کە لە کاتب عەدلەکان دەردەچێ، خۆی مەفروزە ئەو سەنەدی لە هەر قەزاو ناحیەکان دەرچووبێ هەمان دائیرە تەسدیقی ئیستینساخەکان بکا، جائیز نیە هیچ دائیرەکی کاتب عەدل چ بەپێی قانونی کەون، چ بە پێی ئێستا؟ تەسدیقی موستەنەدێك بکا لەلای خۆی دەرنەچووە، بەلآم حاڵەتێك هەیە کە عوزری مەشروعی پێ دەڵێن، ئەو عوزری مەشروعە تەقدیرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتب عەدل، مەسەلەن لە هەڵەبجە وەکالەتێك دەرچووە، یان موستەنەدێك دەرچووە، ئێستا هاتوونەتە ئێرە، لێرە نیشتەجێن، زۆر تەبیعیە لێرە دوای ئەوەی کە هەویەی خۆی وەردەگرێ، و حاڵەتی ئەو شەخسەی بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، ئایا نەخۆشە، ئایا وەزعی باش نیە، ئیمکان هەیە لێرە بچێتن دوای ئەوەی خۆی تەعریف دەکا مەستەنەدەکەی بکا، بۆی تەسدیق بکا، یەعنی ئەسڵەن جائیز نیە بە هیچ نەوعێك ئیستیسنائەن بەس بۆ حاڵەتی عوزر مەشروعە، ئەویش بە دەگمەن ئیستعمالی دەکا، خاڵەکی دیکە بەڕاستی لە بیرم چوو، بەنیسبەت هەیکەلیەکان هەندێ بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا بەڕێزان ئەو هەیکەلیەتیەی کە هەیە لە وەزارەتی داد، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو هەیکەلیەتیەی کە هەیە لە عێراق، بەنیسبەت فەرمانگە دادیەکان، فەرمانگە دادیەکان لە عێراق سێ مودیریەی عامەیان هەیە، مودیریەی عامە ئەموالی قاسرین، مودیریەی عامەی تەنفیز، مودیریەی عامەی کاتب عەدل، ئێمە لێرە یەك مودیرەی عاممەمان هەیە، ئەوانی تر هەموو لە سەر ئاستی مودیریاتە، ئێمە داوای تەوەسوعمان نەکردیە لە هەیکەلیات، دەڵێن هەیکەلیاتی ئێمە جێگای هەیکەلیاتی هی عێراق دەگرێتەوە، بەو هەیکەلیەتەی کە خۆمان هەمانە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبدالله.

**بەڕێزعبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من ببورن، من سەرنجێکم هەبوو، سەرنجەکە وەڵامم وەرنەگرت، بەس تکا دەکەم ئەم جارەیان با زۆر بە ڕوونی پێتان بڵێم، لە دەستوری عێراق ماددەی (47) دەڵێ دەسەڵاتەکان پێك دێ لە دەسەڵاتی دادوەری، ڕاپەڕاندن، یاسا دانان، و دەبێ ئەرکەکانی خۆیان لە سەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پیادە بکەن، ماددەی (7)ی ئەم بابەتە دەڵێ وەزیری داد بۆی هەیە دەسەڵاتی خۆی بدات بە قازی، بیدا بە موحەقیقی عەدلی، بیدا بە موعاونی قەزائی، کە هەموو ئەوانە هیچ کامیان سەر بە دائیرەکەی ئەو نیە، واتە ئەو ماددەیە نا دەستوریە، نا یاساییە، یەعنی تکا دەکەم ئەم مەسەلەیەی گوێ لێ بگرن، وەڵامەکەی با

وەرگرم، خەریکە بەسەریدا تێ دەپەڕن، بۆیە داوا دەکەم هەر ماددەکە لا ببرێ، ئەوە زیادە ئەو ماددە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبدالسلام،

**بەڕێزعبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یاسایە مەبلەغی (100) دینار هاتووە، و زۆر لە یاسای تری کۆن کە ئینفازی دەکەن، یان نازانم چەند هاتووە، بەس من ئێستا حیسابێکی بەسیتم کرد، (100) دیناری ئەو کاتە دەیکردە، (330)دۆلار، بەبێ ئەوە هەر دینارێك سێ کۆمە سێ دۆلار بوو، ئاخر موشەریع ئەو کاتە سەبەبێکی هەبوو (100) دیناری داناوە، بۆیە بە تەسەوری من ئێمە هەمان ئەو ڕوحیەتەی ئەو موشەریعەمان لە خەیاڵ بێ، سەد ڤ کۆما سێ دەکاتە (330)دۆلار،(330)دۆلاری ئەمڕۆ دەکاتە (402920)دینار، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ ئایندە لە هەر یاسایەك دیناری عێراقی کۆن هاتبێ، ئێمە زەربی (4000) بکەین، ڕوحیەت و مەبەست و حیساب کردنی ئەو کاتە دروست دەبێ، نەیێن بێن حیساب بکەین بڵێین (50) یان یەك بڵێ (50) ملیۆن، چونکە ئەمە علمیەن، زانستییەن دەبێ وابێ، ئەو سەدە قیمەتی ئەمڕۆ (400000) هەزارە دینارە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو،

**بەڕێزسەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەو ماددەی (19) ئەوە پێشنیازی کاتب عەدلەکان خۆیانن ، بۆ زیاتر ئاسانکردنی ئیشەکانیان، بۆیە ئێمە پێشنیازمان کرد، و پشتیوانیشی دەکەمەوە جارێکی تر، لە سەر مەسەلەی عەقدی ئیجارەکەش من حەز دەکەم لە ڕێگای جەنابتانەوە پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی بکەم؟ بۆ تەرەفێکی، ئەگەر عەقدی ئیجار تەرەفێکی قانونی یەعنی تەرەفێکی حکومی تێدا بێ کاتب عەدل تەسدیقی دەکات، بۆ لە دوو شەخسی مەعنەوی، دوو کەسی ئیعتیادی من تەسدیقی ناکەم؟ سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکانی کاك سەرهەنگ؟ بەنیسبەت عقودی دەوڵەت، دەوڵەت تەرەفە قانونێکمان هەیە (قانون بيع وإيجار أموال الدولە) ڕەقەم (32) لە ساڵی (1986) بەپێی ئەو قانونە دەبێ کاتب عەدل تەسدیقی بکات، بەڵام وەکو جەوابی گەشە خانم دا، بەنیسبەت ئەو عقودانەی کە هاووڵاتیان دەیکەن لە

نێوانیان دا پێویستی بەوە ناکات ئەوە مەمنووعە دەتوانم بڵێم لە کاتب عەدل پەسەند بکرێ، چونکە قانونەکی دیکە هەیە قانونی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە، و هەروەها قانونی زەریبەی عەقار لەوێ مەعالەجە کرایە ئەو بابەتە تەنها و تەنها دائیرەی زەریبەی عەقار ئەوانە تەسدیق دەکا، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرسیارەی کاك عبدالله مەلا نوری، دووجار ئەو پرسیارە دەکا وەڵامەکەی چییە؟ فەرموو

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرسیارەکەی کاك عبدالله، جەنابی وەزیر لێرەیە دەتوانی زیاتر ڕوونکردنەوە بدات لە سەر بابەتەکە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عبدالله دەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەو کاتە سولتەی قەزائی سەر بە وەزارەتی داد بوو، چ لە عێراق، و چ لە هەرێمی کوردستان، ئێستا لە عێراق سولتەی قەزائی لە وەزارەتی داد جیا کراوەتەوە، و ئێستا لێرەش سولتەی قەزائی لە وەزارەتی داد جیا کراوەتەوە، ئێمە ئەو خاڵە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، و ئێستا پرۆژەیەك لە ئارادایە بەنیسبەت تەکیفکردنی ئەو مەسەلانەیە، ڕەئیسی سولتەی قەزائی جێگای وەزیری داد دەگرێتەوە لەو قەوانینانەی کە هاتووە، یەعنی لە دەست ئێمە نامێنێ، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (11) برگەی (ج) کە پێشنیار کرا، ئێمە ئەو سیاغەمان دارشتووە، إيقاف العمل بالفقرة (ج) من المادة (11) من القانون في إقليم كوردستان ـ العراق، ويحل محلها ما يأتي:

ج: لكاتب العدل حسب قناعته تأييد المقدرة المالية للكفيل بحدود مليون و خمس مائة الف دينار، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لە سەر ئەو سیاغەی ئەخیر، ڕەئیت چییە؟ فەرموو

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو مەبلەغەم کە لیژنـەی یاسایی دایـان نـاوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو مەبلەغـە کەفالەیـەی ئیمکان هەیە ئیش و کاری هاووڵاتیانی ئاسایی بەڕێوە ببات کاتب عەدل، نەك ئیش و کاری زەخمەکان، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ حەوت کەس لەگـەڵ دا نیـە بەزۆرینـەی دەنـگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتـەوە؟ کـێ لەگـەڵ دا نیـە؟ بـەتێکڕای دەنـگ پەسـەندکرا، فـەرموون بـۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: لا يعمل بأى نص قانونى او قرار يتعارض وأحكام هذا القانون،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان نوقتەی نیزامت هەبوو؟ بەڵێ، لا يعمل بأى نص قانونى، فەرموو

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاسـتیدا مـن لێـرە دەگەڕێمـەوە بـۆ ئـەوەی کـە جـەنابی وەزیـری عـەدل پشـتگیری لـەو ئیقتراحـەی کـاك عبدالله مەلا نوری کرد، کە ئەو دەسەڵاتانە لە دەستی ئەو نەماوەتەوە، و نامێنێتەوە، بەڵام کە لێـرە وتمـان لا يعمـل بـأى نـص قـانونى، واتـا قـانونێکی دیکـە دەربچـێ، هـەر کـار بەمـە دەکـرێ، کەواتـە دەسـەڵاتەکان دەمێنێتـەوە بـە شـێوە قانونیەکـەی کـە جـەنابی وەزیـر تەئیـدی بکـا موخالەفـەی قانونـە، بۆیـە بەڕاسـتی چارەسەری بۆ بکەین، بەڵی دەبێ ماددە (7)تەکە دەبێ ئیلغا بکرێتـەوە، بـەپێی ئـەوەی کـە جـەنابی وەزیـر تەئیدی کرد، کە (لا یعمل بأى نص) هەرچی بکرێ لە داهاتوو کەواتـە هـەر ئەمـە جێبـەجێ دەکـرێ، بۆیـە بەڕاستی ئەمە موتەناقزە بەپێی قانون، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر وەڵامت؟

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەتا ئێستا حاڵەتێکی وا ڕووی نەداوە، هەروەکو ئیشارەتم پێ دا ئەم دەسەڵاتانە نەدراوە نهائیەن، ئەو وەختە دەدرا کە قازی و ئیدیعای عام لەوێندەرێ کاتب عەدلی تێدا نەبوو،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ لەغووی ناکەن، کەواتە ئەو ماددەیە بۆ لەغووی ناکەن؟ لیژنەی یاسایی ئەگەر وایە ئەو ماددەیە بۆ لەغوو ناکەن؟

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەی حەوتەم دەخوێنینەوە، ئینجا سیاغەی دەکەین،

المادة السابعة: للوزير منح صلاحية كاتب العدل الى اولاً: القاضي او عضو الإدعاء العام او المنفذ العدلي، ثانياً: المحقق العدلي او المعاون القضائي شرط ممارسة الاعمال القانونية مدة لا تقل عن سنتين لكل منهما.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت قازی من موافیقم، بەڵام (لا یزال) ئیدیعائی عام و مونەفیزی عەدل لە زمنی میلاکی وەزارەتی دادە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبدالله

**بەڕێزعبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی مونەفیزی عەدل من لەگەڵی دام، ئەوە هەر دائیرەیەکە دەبێ بیدا، ئەگەر یاساش نەبێ، هەر ئەبێ بیکا، خۆی دەبێ بیکا، پێویست ناکات ئەگەر دەقەکە هەبێ یان نا؟ قسەی ئێمە لە سەر چەند شتێکی ترە کە سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، قازی پێویست ناکات هەبێ، موحوقیقی عەدلی پێویست ناکات، معاونی قەزائیش ئەمانە سەر بە ئەنجومەنی دادوەرین، واتا سولتەی قەزائیە، دائیرەکەی ئەوان، وەزارەتەکەی ئەوان سولتەی تەنفیزیە، تێکەڵ کردنەکە با نەمێنێ، ئەوەی هەر دائیرەیەك عایدی خۆیەتی، منیش لەگەڵ ئەوەم دەسەڵات دابەش بکا بە شێوەیەکی باش، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو سەلاحیاتانە نەدرایە، ئێمەش لە وەزارەتی داد بە دەیان موحەقیق عەدلیمان هەیە لە دائیرەكان، یەعنی وە نەبێ ئێستا سیفەتی موحەقیق عەدلی لە وەزارەتی داد نەمابێ، وەزارەتی داد ژمارەیەكی زۆر موحەقیق عەدلی تێدایە، بەڵام ئێمە ئەو دەسەڵاتەمان نەداینێ، نهائیەن ئەو دەسەڵاتە مومارەسە نەكرایە، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی دوا سیاغەی ئەو ماددەیە بخوێننەوە بزانە كامەیان (حەزف) دەكەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،**

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سیاغەكە بەو شكلە دەبێ، ( للوزیر منح صلاحیة كاتب العدل الى عضو الإدعاء العام او المنفذ العدلي او مدیر رعایة القاصرین شرط ممارسة الاعمال القانونیة مدة لا تقل عن سنتین.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە كێ لەگەڵ دایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ دوو كەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،**

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة: لا یعمل بأی نص قانونی او قرار یتعارض وأحكام هذا القانون،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،**

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة: ینفذ هذا القانون من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك نەریمان،**

**بەڕێزن نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی تەناقوزێكی یاسایی زۆر گەورە هەیە لە ناو یاساكەدا كە ئێمە تەنفیزی دەكەین و كە ئێمە دایدەڕێژینەوە، بۆ نموونە ماددەی (6) دەڵێ (ینفذ هذا القانون من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة)، بەڵام**

**ئەگەر بێین سەیری ماددەی (58)ی یاساکە بکەین، دەڵێ (ینفذ هذا القانون بعد (90) یوماً)کەواتە ئێمە دەبێ ئیقاف بکەین بکەین بە عەمەل بە مادده (51) لە یاسا ئەسڵیەکە ئینجا ئەمە دابنێن، لەبەر ئەوە ئەو (90) ڕۆژی داناوە بۆ تەنفیزکردن، لە کاتێکدا ئێمە ئیلغامان نەکردۆتەوە، دەبێ ئیلغای بکەینەوە، ئینجا ئەوەی دابنێن، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم چارەسەری بکەن،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حەتتا ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، هیچ عیلاقەی بەوە نیە، بۆ کاتی دەرچوونی قانونەکەی دانراوە، بەڵام ئێمە ئێستا دەڵێین ئەو قانونە لەو تاریخەوە کە پەرلەمان تەسدیقی دەکا و نەشر دەبێ لە جەریدەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێ، هەر عەین ئەو مەوزوعەیە،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو،**

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی قانونی، بەڵام یەك مولاحەزەم هەیە پێش ئەوەی لە سەر ماددەکە تێپەڕین، ئەویش لە سەر مادده (7)ە قازیمان ، ریعایەی قاسرین، بەنیسبەت فەقەرە یەك، بەڵام فەقەرەی دوو دەبێ بمێنێتەوە وەکو خۆی ئینجا حەز دەکەم ئەو ئیشارەتە بدرێ لە لای لیژنەی قانونیەوە بەنیسبەت ئەو بڕگەیە، دوو بڕگەیە فەقەرە حەوتەم، بڕگەی یەك: تەعدیلتان کرد زۆر زۆر چاکە، بڕگەی دووەم: کە دەبێ بمێنێتەوە، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك نەریمان.**

**بەڕێزن نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ڕاستیدا ئێمە تەنفیزی ئەم قانونە دەکەین لە قانونەکە دەڵێین (90) ڕۆژ، کەواتە ئێمە دەبێ کار بەو ماددەیە ڕابگرین ئینجا ئەمە تەنفیز دەبێ، بەڕاستی دوو حاڵەتی تەناقوزە، بۆیە داوا دەکەم ئەوە چارەسەر بکرێ، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی**

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەو مولاحەزەیەی کە کاك نەریمان باسی کرد، ڕاست دەکا، زۆر تەواوە، چونکە لێرە تەنفیزی ئەو یاسایە دەکرێ، لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی ڕسمیەوە، بەڵام لە ماددەی (51) باس لەوە دەکات دەڵێ کە دوای (90) ڕۆژ، لەبەر ئەوەی ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ڕاکەی کاك نەریمان بە لابردنی، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەتتا پێشنیارەکەی کاك نەریمان جێگیر بێ، ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەی دەکەین کە ماددەی شەشەمی پرۆژەکە داوای ریزبەندی ماددەکان دەکەین، چونکە یەك، دوو ماددە زیاد کرا، داوا دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرێ، کە ئێمە ئەو سەلاحیەتەمان هەبێ لەگەڵ سکرتاریەتی پەرلەمان ڕیزبەندی ماددەکان چاك بکەینەوە، و هەروەها ماددەکان بە ڕەقەم هاتووە، ئێمە لە قەوانینەکانی خۆمان بە نووسین، بە ژمارە پەسەندی دەکەین، لێرە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە بەو شکلە بێ، (ینفذ هذا القانون بعد مضی (90)یوماً علی تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة وقائع کوردستان)،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ سێ کەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ئەسباب موجیبە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددە حەوت فەقەرە یەك بەو تەعدیلاتەی کاك عبدالله ئەوە فەقەرە یەك تەسویتی لە سەر کرا، بەڵام فەقەرە دوو دەبێ بمێنێتەوە، چونکە ئەوە موناقەشە نەکرا، و زەروریشە بمێنێتەوە، چونکە من ناتوانم ئیستیمرار بکەم لە معاون قەزائی لە جێیەك کە کاتب عەدلی لێ نیە، معاون قەزائی دەکەمە کاتب عەدل سەلاحیەتی دەدەمێ، یان لە جێیەکی موحەقیق عەدلی هەیە کاتب عەدلی لێ نیە سەلاحیەتی دەدەمێ، بۆیە تەسویت تەنها لە سەر فەقەرە یەك کرا، لە سەر فەقەرە دوو نەکرایە، بەنیسبەت ماددە (7)، بۆیە فەقەرەی یەك تەسویتمان کرد ئیشکالی تێدایە، فەقەرە دوو وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبدالله

**بەڕێزعبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێزان لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیری دادیش دەزانن ئەو ماددەیە کرا بەیەك فەقەرە و کۆتایی پێ هات، تەواو قابیلی ئەوە نیە موناقەشە بکرێ، دەکرێ دوو مانگی تر پڕۆژەیەك بێنێ بۆ هەموارکردنی، تەواو کۆتایی پێ هات، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەقیقەتدا من کە ماددەکەم خوێندەوە هەردوو فەقەرەم دەمج کرد، ئەگەر تێبینی ئەوە بکەن، (للوزير منح صلاحية كاتب العدل الى عضو الإدعاء العام او منفذ العدل او المعاون القضائي)، ئەومان لادا، لە جێی وی مودیر ڕیعایەی قاسرینمان دانا، (شرط ممارسة الأعمال القانونية مدة لا تقل عن سنتين لكل منهم) سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو،

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها قازیمان لادا، مودیر ڕیعایەی قاسرینمان داخیل کرد، بەس موعاون قەزائیمان دەستکاری نەکردیە، موناقەشەش نەکرایە، من لە زمنی موەزەفینی کاتب عەدل موعاون قەزائی من دەستم دەبەسترێتەوە، یەك کاتب عەدل ناتوانم سەلاحیەتی بدەمێ، ئەوەی سەلاحیەتیان دەدمێ لە موعاون قەزائیەکانە، ئەوەی خزمەتی قانونی هەیە، ئێستا ئەو بڕگەی دووەم بڕوا، من ناتوانم، دەستم دەبەسترێتەوە، یەك کەس ناتوانم بکەمە کاتب عەدل، بۆیە ئەوەی کە کرا تەنها قازی لادرا لە بڕگەی یەکەم، و مودیر ڕیعایەی قاسرین دانرا، ئەوە جێگای خۆیەتی، بەڵام هی دووەم: باسی موعاون قەزائی نەکرایە نیهائیەن.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی دووەم بخوێننەوە، دەیخەینە موناقەشە، فەرموون لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مـاددەی حەوتـەمی ئەسـلی قانونەكـە، ثانيـا: ( المحقـق العـدلي او المعـاون القضـائي شـرط ممارسـة الاعمـال القانونية مدة لا تقل عن سنتين)**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاكە دوو فەقەرەيە، يەك فەقەرە موناقەشەكرا، خۆ هەموو ماددەكان موناقەشە نەكراون، فەرموو جەنابی وەزير**

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزيری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**يەك تەوزيح، تۆ موناقەشەی ئەو وەزعەی دەبێ بزانی ئێستا بەنيسبەت ئەو فەقەرەيە موناقەشە نەكرايە، وە تەرحيش نەكرايە، و تەسويتيش لە سەر دەمجی دوو فەقەرەكە نەكرايە ببێتە يەك ماددە، تەنها ماددەی يەكەم بوو تەسويتی لە سەر كرا، كەس باسی موعاون قەزائی نەكرديە، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك كاردۆ،**

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**موناقەشەكە لە سەر ماددەی (7) بوو، و قسە لە سەر فەسلی سولتات و دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و دەسەڵاتی دادوەری بوو، كاك عەونی كە سياغەی كرد، خۆی وتی بەڵێ من دەمجم كردووە، دەنگی لە سەر دراوە، ئێستا مەعقولە بيخەينەوە موناقەشە، يەعنی چی؟ تەواو بوو،**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عمر نورەدينی،**

**بەڕێز د.عمر حمد امين (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ڕاستيدا ئەو خاڵەی كە لە ماددەی حەوت دا مەسەلەی موناقەشە كرا، تەنها ئەوە بوو لێك جياكردنەوەی دەسەڵاتەكان، قازی كە سەر بە ئەنجومەنی دادوەريە، و سەر بە دەسەڵاتی تەنفيزی نيە، بۆ وەزير دەسەڵاتی بداتێ، بەڵام سەبارەت بە موحەقيقی عەدلی، موعاون قەزائی ئەوە شتێكی ترە لە چوارچێوەی وەزارەتەكەی خويدايەتی، بۆ كار ئاسانی كردن نەتوانێ ئەو دەسەڵاتەی بداتێ كە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی تەنفيزی دايە، سوپاس.**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عبدالسلام،**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گفتوگۆیەی کە دووبارە موناقەشەیە یان نا؟ من دەیلێم، بەڵام بۆ مە سلەحەتی عام من تەسوڕەکەم ئێمە فیعلەن بیگۆڕین بیکەین (لوزير العدل اعطاء الصلاحيات لمن يراه مناسباً ومؤهلاً من منتسبي وزارته)، و رزگار دەبین لەوەی کە سبەینێ ئەگەر دادوەری گشتیش جودا بوو دەبێ ئەم یاسایە بگۆڕین، وەزیر حەقی هەیە ئێمە لێرە ئەگەر پێویست بوو بلێین، بلێین بۆ ئەو شایستەیە بە مەسلەحەت دەزانین لە مونتەسبینی وەزارەتی خۆی،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە برادەران باسیان لە سەر کرد وەکو ماددەی حەوت دەنگی هێناوە و دەمج کراوە و قسەی لە سەر کراوە، قازی سەر بە مەجلیسی قەزایە، موحوقیقی عەدلی سەر بە مەجلیس قەزایە، بەڵام دەکرێ تەسهیلەن بۆ ئیش و کاری خەڵك بۆ ئەوەی کە ئیشی خەڵك نەوەستێ، و لەبەر ئەوەی لە وەزارەتی عەدل موعاونی قەزائی هەیە، دەکرێ بە ماددەیەك یان بە فەقەرەیەکی ئیزافی بلێین وەزیری داد مەنحی سەڵاحیەتی کاتبی عەدل دەداتە موعاونی قەزائی کە مومارەسەی ئەوەی هەبێ لە بۆ ئەوەی ئیش و کاری خەڵك نەوەستێ، بەڵام باقی تری وەکو ماددەکە ئەوە دەنگی لەسەر درا بوو، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبدالله

**بەڕێزعبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك عومەرم، زۆر باشە، بەڵام تەنها ئەوانەی سەر بە وەزارەتی دادن، تکایە ئەوە جیاکەنەوە، سوپاس،

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە وەکو ماددەیەکی تازە سیاغەی بکەن بزانین با مەناقەشەی لە سەر بکرێ، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو مادده كە پێشنیاری تازە زیاد بكرێ لە سەر پرۆژەكە بەو شكلەیە، ( لوزیر العدل منح صلاحیة كاتب العدل الى المحقق العدلی او المعاون القضائی من منتسبي وزارته شرط ممارسة الاعمال القانونیة مدة لا تقل عن سنتین لكل منهما)**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو سیاغەیە كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك كەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ئەسباب موجیبە،**

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**بالنظر إلى أن دوائر كتاب العدول في الإقليم لا زالت تعمل وفق قانون كتاب العدول العراقي الملغي رقم (27) لسنة 1977 و قانون تسجيل المكائن رقم (31) لسنة 1939 و هي قوانين قديمة لا تتواكب مع وقتنا الحاضر و لكون قانون كتاب العدول العراقي الجديد رقم (33) لسنة 1998 يعد من القوانين المتطورة في مجاله و بغية إنفاذه و تعديل تطبيقه في الإقليم لكي يتم تطبيقه من قبل دوائر كتاب العدول فيه، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرمووو جەنابی وەزیر**

**بەڕێزشێروان ناصح عبدالله/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دیباجەكەی لیژنەی قانونیمە، بەس یەك ئیزافەم هەیە، ئەویش ئەوەیە، ( اضافة ما یلي للدیباجة بعد عبارة في مجاله ولغرض دمج أحكام قانون تسجیل المكائن ضمن قانون موحد لكتاب العدول لتحقیق وحدة الموضوع)ئەوە ئیزافە بكرێ، و ببرێتە ئینفازی پاشی وی بێتن، سوپاس،**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ دەیەوێ قسە بكا بۆ ئەوەی ناوی بنووسم ، تەنیا دوو كەسن د. ڕۆژان و كاك عبدالسلام و كاك كاردۆ فەرمووو دكتۆرە ڕۆژان**

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها تێبینیم لە سەر یەك وشە هەیە، كە دەڵێ قانونی ساڵی (1998) (یعاد من القوانین المتطورة) ئەو قانونە لە ناوەڕۆكی مادده (16)دا ڕاستە ئێستا هەموارمان كرد، باس دەكا دەڵێ (منطقة الحكم الذاتی) من قانونەك ساڵی (1998) پاش ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان كرایە، پاش ئەوەی كیانەكمان**